# کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران: هۆکار و لێکەوتەکان

م.بێستون حسین عارف*

وشە کلیلییەکان: ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران، ئێران، وڵاتە یەکگرتووەکان، جەنگ، چەکی ناوەکی.
https://doi.org/10.31271/jopss.10019

**پوختەی توێژینەوە:**

ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران کە لە ساڵی ٢٠١٥ واژۆکرا هیوایەك بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پرۆگرامی ناوەکی ئێران کە بۆ ماوەی زیاتر لە دەیەیەك جێگەی ناکۆکی و ململانێی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو. پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ڕێکەوتنامەکەدا، ئەم پرسە جارێکی تر بووە جێگەی گفتوگۆ و ناکۆکی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لایەنە بەشدار بووەکانی تری ڕێکەوتنامەکە، ئەمەش دوای ئەوەی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ لە بەرواری 8 ئایاری ٢٠١٨ بڕیاری کشانەوەی تاك لایەنەی لە ڕێکەوتنامەکە ڕاگەیاند. ئەم هەنگاوە سەرەتایەك بوو بۆ دووبارە ئاڵۆزبوونەوەی پەیوەندیەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران، و ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ نوێکردنەوەو دووبارە سەپاندنەوەی سزا ئابوری و داراییەکانی سەر ئێران و تەنانەت گەیشت بەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوپای پاسداران بخاتە لیستی تیرۆریستی ڕێکخراوە بیانیەکانەوە و هێزی سەربازی بجووڵێنێت بۆ ناوچەکە وەك ئامادەکاری بۆ ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی. ئەم ڕووداوانە کاردانەوەی ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا و چارەنوسی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ئێرانی بە نادیاری هێشتەوە و ئێرانیش پاش ساڵێك چاوەڕوانی دواجار وەك کاردانەوەیەك پابەندبوونی خۆی بە بەشێك لەو ڕێکەوتنامەیە هەڵپەسارد. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە هۆکارەکانی کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە، و خوێندنەوەیەکی ئایندەیی بۆ چارەنوسی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ئێران و دواتر پێشنیارکردنی چەند سیناریۆیەك بۆ داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران.

---

* مامۆستا لە کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی beston.arif@univsul.edu.iq

**ملخص البحث:**

**إنسحاب الولايات المتحدة الأمريكية من البرنامج النووي الإيراني: الاسباب والتداعيات**

إن إتفاقية إيران النووية التي وقعت في عام (٢٠١٥) كانت أملاً لمعالجة مشكلة البرنامج النووي الإيراني الذي كان موضعاً للصراع والنزاع لمدة عقد (عشر سنوات) بينه وبين دول الغرب, وبعد مرور ثلاث سنوات على توقيع الإتفاقية أصبحت هذه المسألة موضعاً للنقاش والصراع مرةً أخرى بين الولايات المتحدة الأمريكية والأطراف المشاركة الأخرى في الإتفاقية. هذا وبعد أن قررت رئيس الولايات المتحدة الأمريكية دونالد ترامب من جهته إعلان الإنسحاب من الإتفاقية في (٢٠١٨/٥/٨) كانت هذه الخطوة بداية لتعقيد العلاقات بين الولايات المتحدة الأمريكية وإيران, كما مهدَّت الطريق لإعادة فرض العقوبات الإقتصادية والمالية على إيران, حتى وصلت الذروة إلى إدراج قوات الحرس الثوري الإيراني في قائمة المنظمات الإرهابية الأجنبية من قبل الولايات المتحدة الأمريكية وإرسال القوات العسكرية إلى المنطقة للإستعداد في حالة المواجهة العسكرية, هذه الأحداث أدت إلى الإنعكاسات الداخلية والإقليمية والدولية وعدم وضوح مصير الإتفاقية, وإنعكاساً لذلك وبعد إنتظار سنة كاملة قررت إيران تعليق جزء من هذه الإتفاقية. والهدف من هذا البحث هو البحث عن أسباب إنسحاب الولايات المتحدة الأمريكية من الإتفاقية, وقراءة مستقبلية لمعالجة الإتفاقية ومن ثَمَّ إقتراح بعض سيناريوهات لمستقبل العلاقات بين الطرفين.

**Abstract:**

**The US withdrawal from Iran's nuclear deal: reasons and consequences**

Signing Iran's nuclear deal in 2015, was a hope to solve the problem of Iran's nuclear program - a disputed issue between Iran and the west for more than a decade. After three years, this issue has again become a controversial subject between the United States (US) and other signatories of the deal as the result of the US president Donald Trump's decision to withdraw from the deal unilaterally on 8 May 2018. This step was a beginning of tensions between the US and Iran and paved the way to renew economic sanctions on Iran - even the US placed the Islamic Revolutionary Guard Corps (IRGC) into foreign terrorist organizations list and deployed military forces in the Middle East as a preparation for a conflict. These events put Iran's nuclear deal into uncertain future and brought a wide International and regional reaction against the Trump's act. Following the US withdrawing from the deal, Iran maintained its obligation with the deal, but finally after a year decided to suspend some part of its commitment to the deal. This paper aims at studying the reasons behind the US decision to withdraw from Iran's nuclear deal and examining the future of Iran's nuclear deal, and finally proposing some scenarios to the future of US –Iranian relations.

# پێشەکی

لە سەردەمی ئیدارەی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە تایبەتی لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی باراك ئۆبامادا(٢٠١٣-٢٠١٧)، پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران تارادەیەکی زۆر هێمنی بەخۆیەوە بینی ئەمەش بەهۆی واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران لە ساڵی ٢٠١٥ و هاریکاری سنورداری نێوان ئەمریکا و ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و لەناوبردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش). بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٧ دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆکی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێرا، ڕەخنەی توندی لە سیاسەتەکانی ئیدارەی پێش خۆی بەرامبەر بە ئێران گرت و بەڵێنی پێداچوونەوەی ڕیشەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا. سەرەتا ترەمپ بە هەڕەشەکردن بۆ کشانەوەی لە ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران دەستیپێکرد، دوای ساڵێك لە دەستبەکاربوونی لە ٨ ئاياری ٢٠١٨ دۆناڵد ترەمپ هەڕەشەکانی لەو بارەیەوە کرد بە ڕاستی و بڕیاری کشانەوەی لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە ڕایگەیاند و ئاماژەی بەوەکرد چیتر ئەمریکا پاپەندی ئەو ڕێکەوتنامەیە نابێت و سزاکانی سەر ئێران دووبارە زیندو دەکرێتەوە. لایەنەکانی تری ڕێکەوتنەکە ڕەخنەی توندیان ئاڕاستەی ئەمریکا کردو داوایان کرد پابەندبێت بەو ڕێکەوتنەوە، چونکە ئەوە تاکە ڕێگەیە کە هەوڵەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی لەباربەرێت. ئەم ڕەخنانە ڕێگر نەبوون لەبەردەم دۆناڵد ترەمپ و بەردەوام بوو لەسەر جێبەجێکردنی فشارە ئابورییەکانی بۆ سەر ئێران. ئامانجی ترەمپ لەم سیاسەتە بڕینی سەرچاوە ئابوری و داراییەکانی ئێرانە بە شێوەیەك کە ناچاریان بکات بێنە سەر مێزی گفتوگۆ و بە مەرجەکانی ئەمریکا ڕازی بن. لەسەرەتادا ترەمپ ماوەی شەش مانگی دا بە چەند وڵاتێك کە هاوردەکەری سەرەکی نەوتی ئێرانن بۆئەوەی سەرچاوەی بەدیل بدۆزنەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان، لە نێو ئەو وڵاتانەش هەریەکە لە چین، هندستان، ياپان، کۆریای باشور، تايوان، تورکیا، ئیتاڵیا و یۆنان هەبوون. هەندێك لەم وڵاتانە لەو ماوەیەی بۆیان دیاریکرابوو بەتەواوی هاوردەکردنی نەوتیان لە ئێران کەمکردەوە و پاپەندبوونی خۆیان بە سزاکانی ئەمریکاوە ڕاگەیاند، بەڵام هەریەکە لە چین و تورکیا بەرهەڵستی بڕیارەکەی ئەمریکایان کرد کاتێك ماوەی دیاریکراو کۆتای هات لە ئاياری ٢٠١٩. دۆناڵد ترەمپ تەنها بەکشانەوە لەو ڕێکەوتنامەیە نەوەستا بەڵکو فشارەکانی سەر ئێرانی چڕکردەوە لە ڕێگەی نوێکردنەوەی سزا کۆنەکان و سەپاندنی سزای نوێ بەسەر کەرتی ئابوری و نەوتی و دارای ئێراندا، تاگەیشت بەوەی سوپای پاسدارانی خستە لیستی تیرۆری ڕێکخراوە بیانیەکان لە ٨ نیسانی ٢٠١٩. ئەم ڕووداوانە بوونە داینەمۆی هەڵکشانی ئاڵۆزییەکانی نێوانیان و جوڵاندنی هێزی سەربازی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمیە بۆ وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیاری پەیوەست بە کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران و هۆکارەکانی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانیان و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوانیان،

پرسیارەکانی تۆێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە: ئایا پاڵنەرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چین بۆ کشانەوە لەم ڕێکەوتنامەیە لە کاتێکدا ئەم ڕێکەوتنامەیە لەژێر چاودێری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەبەشداری ڕاستەوخۆی ئیدارەی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا واژۆ کراوە؟ ئایا کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ڕێکەوتنامەیە چی کاریگەری و لێکەوتەیەکی دەبێت لەسەر جیهان و ناوچەکە بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئێران هەژموون و پێگەیەکی بەهێزی هەیە تیایدا؟ ئایا ئێران لەدوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەند دەبێت بە ڕێکەوتنامەکە یاخود لە ڕێکەوتنامەکە دەکشێتەوە؟ ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران دەچنە جەنگێکی ڕاستەوخۆوە دوای ئەوەی ناکۆکی و ئاڵۆزییەکانیان گەیشتۆتە لوتکە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە و ڕووداوە پاشکۆکانی، ئابوری ئێران دەخاتە دۆخێکی زۆر سەختەوە و ڕەنگە لە داهاتوودا ئەو وڵاتە ملکەچ بە دانوستان بکات، لە لایەکی ترەوە دەشێت تاران چالاکیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ زیان گەیاندن بە بەرژەوەندیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاڕاستە بکات لە ڕێگەی بەکارهێنانی گروپە بریکارەکانی لە ناوچەکە، ئەمەش وادەکات وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزی زیاتری سەربازی لە ناوچەکە جێگیر بکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هێرشێك کە لە لایەن ئێران یان ئەو گروپانەی کە لایەنگری ئێرانن بکرێتە سەری.

**میتۆدی توێژینەوە:** توێژینەوەکە پشت دەبەستێت بە میتۆدی مێژوویی بۆ تێگەیشتن لە سەرەتای بنیاتنانی بەرنامەی ناوەکی ئێران، هەروەها میتۆی شیکاری ئایندەی بەکارهێنراوە لەپێناو خوێندنەوە بۆ چارەنووسی ڕێکەوتنامە ناوکیەکەی ئێران و پێشنیارکردنی چەند سیناریۆیەك بۆ ئایندەی ئاڵۆزیی و پەیوەندییەکانی ئێران لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەم توێژینەویەدا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە سەرچاوەی دووەمی لە ( کتێبەکان و جۆرناڵە زانستیەکان و توێژینەوە و سایتە هەواڵیە باوەڕپێکراوەکانی جیهان) بەستراوە.

**پەیکەری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم کە لە دوو تەوەر پێکدێت تایبەتە بە مێژووی پرۆگرامی ناوەکی ئێران و ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران. بەشی دووەم کە بەهەمان شێوە لە دوو تەوەر پێکدێت دەربارەی پاڵنەرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کشانەوە لە ڕێکەوتنامەکە و کاردانەوە نێودەوڵەتیەکان دەدوێت. بەشی سێیەم و کۆتایی کە دوو تەوەری لەخۆگرتووە تەرخانکراوە بۆ ئایندەی ڕێکەوتنامە ناوکیەکە و سیناریۆی داهاتووی پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران.

## بەشی یەکەم: پرۆگرامی ناوەکی ئێران و ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی

### تەوەری یەکەم: مێژووی پرۆگرامی ناوەکی ئێران

هەوڵەکانی ئێران بۆ سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای ناوەکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی شای ئێران (محمد رەزا شا پەلهەوی)، لەو کاتەدا ئێران پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبوو بەشێوەیەك هەندێك ئێرانیان بە پۆلیسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەسف دەکرد، ئەم بۆچوونە لەو ڕاستیەوە سەرچاوەی دەگرت کە لە لایەکەوە ئێران خزمەتی بە بەرژەوەندیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکرد لە بەرهەڵستی کردنی تووندی یەکێتی سۆڤیەت و ئایدۆلۆجیای کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ناوچەکە، لە لایەکی ترەوە دەزگای (سی ئای ئەی) ئەمریکی کودەتایەکی ڕێکخست بۆ لەکارخستنی سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێراوی ئێران موحەمەد موسەدەق لەساڵی ١٩٥٣ و دانانی محمد ڕەزا شا وەك فەرمانڕەوای ئێران (Aldasam, 2013, 3). بوونی ئەم پەیوەندیە بەهێزە لە نێوانیان ڕێگەخۆشکەر بوو بۆئەوەی ئێران بیر لە دروستکردنی پرۆژەی وێستگەی ئەتۆمی بکاتەوە بەهاوکاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەی دوولایەنەی هاریکاری بەکارهێنانی ئاشتیانەی تەکنەلۆجیای وزەی ئەتۆمی لە ساڵی ١٩٥٧. ئەم ڕێکەوتنە بەشێك بوو لە پرۆژەکەی سەرۆك دوایت ئایزنهاوەر کە لە ساڵی ١٩٥٣ پێشکەشی کردبوو بەمەبەستی پێدانی سەرچاوەی تەکنەلۆجی و زانیاری لەبواری وزەی ناوەکیدا کە بەکاربهێنرێت بۆ مەبەستی ئاشتیانە(Eisenhower 1953).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم سیاسەتدا ئێران بە یارمەتی ئەمریکا یەکەم وێستگەی ناوەکی بە ناوی سەنتەری توێژینەوەی ناوەکی تارانی دامەزراند کە تواناکەی دیاریکراو بوو و لە ساڵی ١٩٦٧ دەستی بەکارکردن کرد و بە یۆرانیۆمی بەرز پیتێنراو ئیشی دەکرد. دواتر ئێران لە ساڵی ١٩٦٨ ڕێکەوتنامەی (ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی) واژۆکرد (Gaietta 2015, 5-9). ئەم ڕێکەوتنامەیە بۆ ڕێگەگرتن بوو لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و ڕێگەنەدان بەو وڵاتانەی دەیانەوێت چەکی ئەتۆمی بەرهەم بهێنن، بەڵام ئەم ڕێکەوتنامەیە نەیتوانی ڕێگە لە هەریەك لە هندستان و پاکستان و کۆریای باکور بگرێت لە بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی. شای ئێران پلانی فراوانی هەبوو بۆ بنیاتنانی کەرتی وزەی وڵاتەکەی، هەروەك لە ساڵی ١٩٧٣ خواستی خۆی دەربڕی بوو بۆ دروستکردنی چەند وێستگەیەکی ئەتۆمی بە توانای ٢٣ هەزار مێگاوات لە داهاتوودا. لەوکاتەوە تاوەکو شۆڕشی ئیسلامی لە ١٩٧٩، تاران چەندین ڕێکەوتنامەی پەیوەست بە تەکنەلۆجیای ناوەکی واژۆکرد لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان بۆ پەرەپێدانی توانای زانستی وڵاتەکە لە بواری ئەتۆمیدا. لە ساڵی ١٩٧٦، ئێران یەك ملیار دۆلاری لە پێناو بەدەستهێنانی لەسەدا دەی پشکەکانی وێستگەی پیتاندنی یۆرانیومی (یورودیف) لە فەڕەنسا و لەسەدا پێنجی پشکەکانی کانی یۆرانیۆم روسینغ لە نامیبا تەرخانکرد. هەروەها ئێران ڕێکەوتنامەیەکی کرد بە بەهای ٧٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی کێکی زەردی یۆرانیۆم لە باشوری ئەفریقا، ئەمە سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ ناردنە دەرەوەی کادیر و شارەزاکانی بواری ئەتۆمی بۆ ڕاهێنان و خوێندن لە دەرەوەی وڵات (Nuclear Threat Initiative 2018). شای ئێران لە

هەوڵەکانی بۆ پێشخستنی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی لە ژێر چاودێری و یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام بوو ، کەواتە تا شۆرشی ئیسلامی ئێران، پرۆگرامی ناوەکی ئێران بە مەترسی و هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناوچەکە نەزانراوە ، بەڵام لەگەڵ ڕوودانی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ بە ڕێبەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی کە بووە هۆی لەناوبردنی فەرمانڕەوایی شا لە ئێران، هاوکێشەی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران پێچەوانە بووەوە لە دۆستایەتیەوە بۆ دووژمنایەتی بە تایبەتی لە دەرەنجامی دەستبەسەرکردنی (٥٢) کارمەندی سەفارەتی ئەمریکی لە لایەن گروپە شۆرشگێرەکانی ئێرانەوە بۆماوەی زیاتر لە ساڵێك(Bowden 1979). بەشێوەکی گشتی یەکتر تۆمەتبار کردن و جەنگی وشەیی نێوانیان جیاکەرەوەی سەرەکی پەیوەندیەکانیان بوو لەم ماوەیەدا. لە ماوەی دوای شۆرشی ئیسلامی پرۆگرامی ناوەکی ئێران بۆ ماوەیەك وەستێنرا لە لایەن کاربەدەستانی نوێی شۆرشی ئیسلامیەوە، هۆکارەکانی پشت ئەم بریارە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ کۆچکردن و هەڵهاتنی زۆرێك لە زاناکانی بواری ئەتۆمی ئێران لە دوای شۆرش و هەروەها هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنامە ئەتۆمیەکانی سەردەمی شا لە لایەن وڵاتانی بیانیەوە بەشێوەی تاك لایەنە. هەڵگیرسانی جەنگی ئێران – عێراق و گۆشەگیرکردنی ئێران لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و یارمەتی زۆرێك لە وڵاتان بۆ عێراق لە دژی ئێران وایکرد بەرپرسانی ئێران جارێکی تر بریاری دەستپێکردنەوەی پرۆگرامە ناوەکیەکەیان بدەن. لەبەرئەوە لە ساڵی ١٩٩٠کانەوە، ئێران هەوڵی دا کار لە گەڵ وڵاتانی نوێ بکات بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامە ناوەکیەکەی، لەوانەش: ڕووسیا و چین و کۆریای باکور(Gaietta 2015, 33-37).

سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەك پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران بووە جێگەی نیگەرانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەو کاتەی کە گروپی (موجاهیدن خەلق) ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە مانگی ئابی ٢٠٠٢ ڕایگەیاند کە ئێران بە نهێنی خەریکی پەرەپێدانی پرۆگرامی ناوەکیە بۆ ئەو مەبەستەش ئامرازی پیتاندنی یۆرانیۆمی بنیاتناوە لە وێستگەی ناتانز و دروستکردنی وێستگەیەکی تر لە ئاراك کە بە ئاوی قورس کاردەکات(Norris, 2008). کێشەکە لەوەدا بوو ئێران بە هیچ شێوەیەك ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی ئەتۆمی کە خۆی ئەندامە تێیدا ئاگادار نەکردبووەوە لە چالاکیەکانی لەو وێستگانە، ئەمەش گومانەکانی سەر ئێرانی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی زیاتر قوڵکردەوە. لە هەمان ساڵدا ئێران دانی بەوەدا نا کە کاری لەو وێستگانەدا کردووە بەڵام بۆ مەبەستی ئاشتی و ناسەربازی بەگەڕی خستووە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاستەوخۆ ئێرانی تۆمەتبارکرد بەوەی کە بەنهێنی هەوڵی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی دەدات، پێشتریش لە فیبرایر ٢٠٠٢، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆرج دەبیلو بۆش ئێرانی لە گەڵ هەریەکە لە عێراق و کۆریای باکور بە بەرەی شەڕ ناوبرد ( Victor and David 2003, 20). دوای ساڵێك لە ئاشکرابوونی پرۆگرامە نهێنیەکەی ئێران، تاران بۆ ڕەواندنەوەی گومانەکان لەسەر پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی بانگێشتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی کرد بۆ ئەوەی سەردانی وێستگە ئەتۆمیەکانی بکات بە وێستگەی ناتانزیشەوە، لە بەرامبەردا چەند تیمێکی سەر بەو ئاژانسە سەردانی وێستگە ئەتۆمیەکانی ئێرانیان کرد بەڵام لە ڕاپۆرتی سەرەتاییدا کە لە ٦ حوزیرانی ٢٠٠٣ بڵاویان کردەوە ئاماژەیان بەوە کرد کە

ئێران سەرکەوتوو نەبووە لە پاپەند بوون بە ئیلتیزاماتەکانیەوە بە ئاگادارکردنەوەی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی سەبارەت بە چالاکیە ئەتۆمیەکانی و ئاشکراکردنی وێستگە ئەتۆمیەکانی( IAEA 2003, 7). لەم نێوەندەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە سەرەکیەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیسرائیل بەردەوام لە هەوڵدا بوون بۆ وێناکردنی پرۆگرامی ناوەکی ئێران وەك مەترسی بۆسەر ئاسایشی هەموو جیهان نەك تەنها بۆ ئیسرائیل. وڵاتانی یەکێتی ئەورووپاش بەسەرکردایەتی بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا کە بەیەکەوە ناسرا بوون بە وڵاتانی (EU3) هەوڵەکانیان بۆ گفتوگۆ و دانوستان لە گەڵ ئێران دەستپێکرد ، لە ئابی ٢٠٠٣ ئەم وڵاتانە پێشنیاری هاریکاری تەکنیکیان لەگەڵ ئێران خستەڕوو بەومەرجەی ئێران ئامادە بێت پیتاندنی یۆرانیۆم ڕابگرێت و پرۆتۆکۆلێکی سەربار واژۆبکات (Mazzucelli 2007,5).

لەبەرامبەردا ئێران بەو پێشنیارە ڕازی بوو لەهەمان ساڵدا پرۆتۆکۆڵە سەربارەکەی واژۆکرد، بۆ ماوەیەك پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی هەڵپەسارد بەڵام هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد لەساڵی ٢٠٠٥ وەك سەرۆك کۆماری ئێران بووە هۆی پەکخستنی ئەو گفتوگۆیانە ودەستیکردەوە بە پیتاندنی یۆرانیۆم و ڕایگەیاند وڵاتەکەی بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری پیتاندی یۆرانیۆم و مافی سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای ئەتۆمی نابێت (Landau and Ephraim 2005, 2-3). ئەم هەڵوێستەی ئەحمەدی نەژاد وای لە ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی کرد لە ٤ فیبرایری ٢٠٠٦ پرسی ناوەکی ئێران ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بکات، دوای دوو ڕۆژ لەم بڕیارە ئێران ڕایگەیاند کە چیتر پاپەند نابێت بە پرۆتۆکۆڵە سەربارەکەی ئاژانسی نێودەڵەتی وزەی ئەتۆمی. ئێران بەم هەنگاوە خۆی خستە ژێر زنجیرەیەك بڕیاری قورسی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کە بەشێوەیەکی گشی بڕیارەکان جەختیان لەسەر سزای ئابوری و سەربازی و قەدەغەی مامەڵە لەگەڵ ئێران دەکردەوە ، ٧ بڕیارە یەك لەدوا یەکەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بریتی بوون لە: هەردوو بڕیاری ژمارە (١٦٩٦ و ١٧٣٧) لە ساڵی (٢٠٠٦)، بڕیاری ژمارە (١٧٤٧) لە ساڵی (٢٠٠٧)، هەردوو بڕیاری ژمارە (١٨٠٣و١٨٣٥) لە ساڵی (٢٠٠٨)، بڕیاری ژمارە (١٩٢٩)لە ساڵی (٢٠١٠)، و بڕیاری ژمارە (٢٢٣١) لە ساڵی (٢٠١٥) (Arms Control Association 2017). ئەم بڕیارە قورسانەی ئەنجومەنی ئاسایش هاوشان لەگەڵ سزاکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا لەبەرامبەر ئێران، تارانی ناچارکرد بێتە سەر مێزی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی پرسی ناوەکی وڵاتەکەی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا. یەکێك لە ئەم گفتوگۆیەش بریتی بو لە ڕێکەوتنامە ناوەکی ئێران ناسراو بە ( Joint Comprehensive Plan of Action) کە لە تەوەری دووەمدا تیشك دەخینە سەری.

### تەوەری دووەم: ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران، هۆکار و ناوەڕۆك

پاش ئەو ماوە دور و درێژە لە گفتوگۆ و ململانێ لە نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا دواجار لە ١٤ تەموزی ٢٠١٥ دا ئێران و وڵاتانی ٥+١ کە پێکهاتوون لە پێنج ئەندامە هەمیشەکە ئەنجومەنی ئاسایش (بەریتانیا، فەرەنسا، چین، ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان) لە گەڵ ئەڵمانیا گەیشتنە ڕێکەوتن لەسەر پرسی ناوەکی ئێران. نزیك بوونەوەی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ٢٠١٥ پاش زیاتر لە دەیەیەك

ململانێ و ناکۆکی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە: یەکەم، نەرمی نواندنی ئیدارەی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەرۆکایەتی باراك ئۆباما لەبەرامبەر پرسی ناوەکی ئێران( Katzman and Paul 2016). دووەم، هەڵبژاردنی حەسەن ڕووحانی بەسەرۆك کۆماری ئێران لە ساڵی ٢٠١٣ کە بەسەرکردەیەکی میانڕەو و ریفۆرمیست ناسراوە سیاسەتێکی تارادەیەك جیاوازی لە ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی پێشووی ئێران گرتە بەر، ئەحمەدی نەژاد کەسێکی فەندەمێنتاڵ و پارێزگار بوو لە هەمانکاتدا سیاسەتێکی توندی بەرامبەر وڵاتانی ڕۆژئاوا گرتبووەبەر. حەسەن ڕووحانی بە پێچەوانەی ئەحمەدی نەژادەوە سیاسەتی کرانەوەی بەرامبەر ڕۆژئاوا پەیرەوکرد و ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە بەرەوپێشبردنی گفتوگۆکانی پرسی ناوەکی ئێران و گەیشتن بە ڕێکەوتنی کۆتایی( Mousavian and Mohammad 2017, 178). سێیەم، سزاکانی ئەنجومەنی ئاسایش هاوشان لەگەڵ گەمارۆ و ئابڵوقە ئابوریەکانی وڵاتانی تری ڕۆژئاوا بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران وایکرد ئابوری ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی قەیران و ئیفلیج بوون بێتەوە ئەمەش تارانی ناچارکرد لەسەر پرسی پرۆگرامە ناوەکیەکەی ڕوو لەمێزی گفتوگۆ و دانوستان بکات. ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە دکۆمێنتێکی ١٥٩ لاپەڕەییە کە زۆر بە وردی باسی هێڵە گشتیەکانی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکە و ئیلتیزاماتەکانی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوای لە ماوەی کارابوونی ڕێکەوتنامەکە دیاریکردووە. جێبەجێکردنی تەواوەتی ئەم ڕێکەوتنامەیە دڵنیایی دەدات لەوەی کە پرۆگرامی ناوەکی ئێران بە تەنها بۆ مەبەستی ئاشتییە، هیچ کات لە هیچ بارودۆخێکدا ئێران ناتوانێت هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بدات. ڕێکەوتنامەکە بەشێوەیەکی گشتی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوای پابەندکردووە بە جێبەجێکردنی بەندەکانی ناو ڕێکەوتنامەکە بەم شێوەیەی خوارەوە.

ڕێکەوتنامەکە زۆر بەوردی ئیلتیزامات و مافەکانی ئێرانی دیاریکردووە، کە گرنگترینیان بریتین لە:

**یەکەم:** پێویستە ئێران ئاسانکاری تەواو بۆ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، لە پێناو چاودێری کردن و پشکنینی وێستگە ئەتۆمیەکانی و پابەندبوون بە بڕیار و پێشنیارەکانی. دواتر ئەم ئاژانسە بڕیار دەدات کە ئایا ئێران پابەندی بەڵێن و ئیلتیزاماتەکانی بووە یاخود نا. لە هەمان کاتدا هەموو ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی کە لە دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنامە ئەتۆمییەکە بڵاویکردۆتەوە تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئێران پابەند بووە بە دەقەکانی ناو ڕێکەوتنامە ئەتۆمییەکە و پێشێلی ئەو ڕێکەوتنامەیەی نەکردووە.

**دووەم:** پێویستە ئێران چالاکیەکانی پەیوەندیدار بە پیتاندنی یۆرانیۆم کە پێکهاتەی سەرەکیە لە دروستکردنی چەکی ناوەکیدا سنوردار بکات، و دەبێت ژمارەی سێنتەرفیوجەکان (Centrifuges) کەم بکاتەوە بۆ ٥٠٦٠ سێنتەرفیوج لە کاتێکدا ئێران لە پێش ڕێکەوتنامە نزیکەی ٢٠،٠٠٠ سێنتەرفیوجی لە وێستگە ئەتۆمیەکانیدا هەبوو. بە هیچ شێوەیەك ئێران بۆی نیە ژمارەی سێنتەرفیوجەکانی لەو ڕێژەییەی کە بۆی دیاریکراوە لە ڕێکەوتنەکەدا زیاد بکات.

**سێیەم:** ئێران لە ماوەی ١٥ ساڵی داهاتوودا بۆی هەیە ڕێژەی یۆرانیۆمی پیتێنراو بگەێنێتە ٣،٦٧% و لەم ڕێژەیەش زیاتر ڕێگە پێدراو نیە، لە گەڵ ئەوەشدا تەنها ٣٠٠ کگم یۆرانیۆمی پیتێنراو لە وێستگە ئەتۆمیەکانیدا ڕێگەی پێدراوە. دیارە ئەم ئاستە نزمەش لە پیتاندنی یۆرانیۆم دەتوانرێت تەنها

بۆ بواری ئاشتی بەكار بێت، بەڵام ئەگەر بۆ مەبەستی دروستكردنی بۆمبی ناوەكی بێت بە لایەنی كەم یۆرانیۆم پێویستی بە پیتاندنی لە ٩٠% هەیە. هەر لە بەر ئەمەشە كە ئێران ناتوانێت جەكی ئەتۆمی بەرهەم بهێنێت بە لایەنی كەم لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا. ئێرانیش ئەم خاڵەی خستۆتە بواری جێ بەجێكردنەوە رێژەی یۆرانیۆمی یەدەكی كەمكردۆتەوە بۆ كەمتر لە ٣٠٠ كگم و پاشماوەكەی ڕوانەی ڕوسیا كردوە وەك لە ڕێكەتنامەكەدا هاتووە.

**چوارەم:** پێویستە دووبارە پێداچوونەوە بە پێكهاتەو دیزاینی وێستگەی ئەتۆمی ئاراكدا بكرێتەوە بەشێوەیەك كە تەنها بۆ مەبەستی تۆێژینەوەو بواری ئاشتی بەكار بهێنرێت. نابێت ئێران هیچ وێستگەیەكی تری ئاوی قورس لە ماوەی ئەو ١٥ ساڵەدا بنیات بنێت. لە كۆتایدا ئابلۆقە سەربازییەكانی سەر ئێران بۆ ماوەی ٥ ساڵ وەك خۆی دەمێنێتەوە ، لە گەڵ مانەوەی ئەو گەمارۆیانەی كە پەیوەندیان بە پرۆگرامی موشەك و میسایەڵەوە هەیە بۆ ماوەی ٨ ساڵ. ئێران پێویستە وەڵامی هەموو پرسیارەكانی پشكنەرە نێودەڵەتیەكان بداتەوە كە تایبەتن بە بەرنامەی سەربازی ئەتۆمی وڵاتەكەیەوە لە ڕابردوو ئێستا و داهاتوودا. لە ئێستا ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئێران ڕایگەیاندوە كە وڵاتەكەی پابەندی ئەو مەرجانە بووە كە لە ڕێكەوتنامەكەدا هاتووە هەر لە سەر ئەم بنەمایەش وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و نەتەوە یەكگرتووەكان سزاكانی سەر ئێران لادەبەن ( Joint Comprehensive Plan of Action, 2015 ).

لە هەمان كاتدا ڕێكەوتنامەكە وڵاتانی ٥+١ پابەند كردووە بە چەند ئیلتیزاماتێكەوە بەرامبەر بە ئێران بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەكەم: سزا ئابورییەكانی سەر ئێران هەڵبگرن، كە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان و یەكێتی ئەوروپا و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە بەسەر ئێراندا سەپێنراوە، بەمەرجێك ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ئەوە پشتڕاستبكاتەوە كە ئێران بە تەواوی پابەندی بەندەكانی ناو ڕێكەوتنامەكە بووە. لە گەڵ ئەوەشدا هەموو بڕیارەكانی ئەنجومەنی ئاسایش پەیوەست بە پرۆگرامی ناوەكی لە دژی ئێران هەڵدەوەشێتەوە.

دووەم: ئێران نزیكەی ١٠٠ بلیۆن دۆلاری بلۆكراوی لە بانكە نێودەوڵەتیەكان بۆ دەگەڕێتەوە، و دەتوانێت هەناردەكردنی نەوت بۆ بازارەكانی جیهان دەست پێبكاتەوە كە لە ڕابردوودا بە هۆی سزاكانەوە سنوردار كرابوو، زیانێكی زۆری بەر كەرتی هەناردەی نەوتی ئێران كەوتوو بوو، كە تەنها لە نێوان ساڵی ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٥ ئەم زیانە بە نزیكەی ١٦٠ بلیۆن دۆلار دەخەملێنرێت. دوای ئەوەی ئێران پابەندی خاڵەكانی ناو ڕێكەوتنامەكە بووە لە ماوەی ئەو شەش مانگەی كە بۆی دیاریكرابوو، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا پرۆسەی لابردنی سزاكانی سەر ئێرانی خستە بواری جێبە جێكردنەوە.

بەشێوەیەكی گشتی ئەم ئیلتیزاماتانە لە ڕێكەوتنامەكەدا هاتووە و بۆ ماوەی ٣ ساڵە ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا پێوەی پابەندن، بەڵام لە دوای كشانەوەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ڕێكەوتنامەكە، ئیلتیزاماتەكان گۆڕانكاریان بەسەردا هات و دووبارە سزاكان بە سەر ئێراندا سەپێنرایەوە و ئێرانیش دوای ساڵێك لە چاوەڕوانی دواجار لە مانگی ئایاری ٢٠١٩ پابەندبوونی خۆی بە بەشێك لە ڕێكەوتنامەكە هەڵپەسارد و دەستیكردەوە بە پیتاندنی یۆرانیۆم.

## بەشی دووەم: کشانەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران و کاردانەوەکان

### تەوەری یەکەم: پاڵنەرەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کشانەوە لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە

لەگەڵ گۆڕانکاری لە ئیدارەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٠١٧ و گرتنە دەستی دەسەلاَت لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە کاندیدی کۆمارییەکان، پرسی کشانەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران هاتە نێو سیاسەتی دەرەوەی ئەو ولاتە. دۆناڵد ترەمپ تەنانەت پێش ئەوەی ببێتە سەرۆك دژایەتی توندی خۆی بۆ ڕێکەوتنی ناوەکی ئێران لە گەڵ ڕۆژئاوادا دەربریوە و بە ڕێکەوتنێکی خراپ وەسفی کردووە. لە ڕاستیدا پرسی ڕێکەوتنی ناوەکی ئێران بەشێکی بنچینەی لە کەمپینی هەڵبژاردنەکانی (دۆناڵد ترەمپ) کاندیدی کۆماریەکانی پێکدەهێنا لەبەرامبەر هیلاری کلینتۆن کاندیدی دیموکراتەکان. ترەمپ لە کاتی کەمپینەکانیدا دەیوت ئەگەر ببم بە سەرۆکی ئەمریکا " یان بە ڕێکەوتنەکەدا دەچمەوە یان هەڵی دەوەشێنمەوە"( ٢٠١٦ Presidential Election,). لەیەکەم دیبەیتی سەرۆکایەتیدا لەنێوان هیلاری و ترەمپدا، ترەمپ بەم شێوەیە ڕەخنەی لە ڕێکەوتنەکە گرت : "پرسێکی زۆر گرنگتر بریتیە لەو ڕێکەوتنە خراپەی کە لەگەڵ ئێراندا دانوستانی لەبارەوە کرا، خراپترین ڕێکەوتن کە من بینیوبێتم تاوەکو ئێستا. کاتێک کە ئەو ڕێکەوتنە مەترسیدارە لەگەڵ ئێراندا کرا دەبوایە جێگەی کۆمەڵێک شتی تریش لە ڕێکەوتنەکەدا بکرایەتەوە، دەبوایە لەبارەی کۆریای باکوریشەوە شتێک بکرابایە، دەبوایە شتێکیشیان لەبارەی یەمەن و باقی شوێنەکانی تریشەوە بکردایە، ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران کێشەی ئەتۆمی دروست دەکات". لەبەشێکی تری دیبەیتەکەدا ترەمپ ڕەخنەی لە کاندیدی دیموکراتەکان گرت بەوەی ئەزمونێکی خراپی هەیە، باسی لەوە کرد کە " ئایا ئەوە ڕێکەوتنی ئێرانە کە تۆ زۆر حەزت لێبوو، کە بە هۆیەوە ١٥٠ ملیار دۆلارتان ڕادەستی ئێران کردەوە، ناتوانیت ڕێکەوتنی ئێران بە ڕێکەوتنێکی باش وەسف بکەی. هیلاری ئەزمونی هەیە بەلاَم ئەزمونێکی خراپ" (The New York Times 2016). لە ڕاستیدا ئەم تێڕوانینە نێگەتیڤە بەرامبەر ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە بووە بنەمای کارکردنی دۆناڵد ترەمپ لەسەر ئەو پرسە و لە ماوەی سەرۆکایەتیدا چەندین جار ئاماژەی بەکشانەوە کردووە لەو ڕێکەوتنامەیە و لەو چوارچێوەیەدا لە ١٣ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای ٦ مانگ لە پێداچوونەوە بەسیاسەتەکانی ئەمریکادا ستراتیجێکی نوێی لەسەر ئێران ڕاگەیاند. ترەمپ ئەگەری کۆتایهێنانی بەشداریکردنی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ئێران ڕاگەیاند ئەگەر بێت و هەندێك مەرجی یەکلایکەرەوە لە ڕێکەوتنامەکە جێگیر نەکرێت. ئەو ووتی بەوەی لە ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران هاتووە پێشبینی دەکرا کە ڕێکەوتنامەکە ڕۆڵی هەبێت لە سەقامگیری و ئاسایشی نێودەوڵەتی و هەرێمی. لەگەڵ ئەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەندبووە بە ئیلتیزاماتەکانی خۆیەوە بە پێی ڕێکەوتنامەکە، ئێران بەردەوامە لە ورژاندنی ناکۆکی و تیرۆر و ئاژاوە لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست. لەهەموو گرنگتر ئەوەیە ئێران بە گەرمی لەگەڵ ڕێکەوتنەکە نیە، لەبەرئەم هۆیەیە لە نزیکەوە کاردەکەین لە گەڵ گۆنگرێس و هاوپەیمانەکانمان بۆ

چارەسەرکردنی کەموکورتیە زۆرەکانی ڕێکەوتنامەکە بۆئەوەی ڕژێمی ئێران بەبوونی چەکی ئەتۆمی هەرگیز نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر جیهان. بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێمە و کۆنگرێس و هاوپەیمانەکانمان نەگەشتینە چارەسەر ئەوا ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە کۆتای دێت(Katzman and others 2016, 2). لە بەرواری ١٢ فیبرایری ٢٠١٨، دۆناڵد ترەمپ جارێکی تر هەڕەشەی کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لە ڕێکەوتنامە ناوکیەکەی ئێران کرد لە حاڵەتی چارەسەرنەکردنی کەموکورتیە خراپەکانی ڕێکەوتنامەکە لە لایەن کۆنگرێس و هاوپەیمانە ئەورووپیەکانەوە. ئەو چارەسەرەکانی لەم چەند خاڵێکدا خستە ڕوو: یەکەم، دواکاریەك کە ئێران ڕاستەوخۆ ڕێگە بدات هەموو وێستگە ئەتۆمیەکانی لە لایەن پشکنەرە نێودەوڵەتیەکانەوە ببشکنرێت. دووەم، دڵنیا بوون لەوەی ئێران بەهیچ شێوەیەك لە بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی نزیك نەبێتەوە. سێیەم، هەڵگرتنی کاتی بەسەرچوونی ڕێکەوتنامەکە کە بڕیارە لە ٢٠٢٥ کۆتایی پێبێت. چوارەم، پێویستە پرۆگرامی مووشەکی ئێران لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران جێگەبکرێتەوە و بۆ سزا نێودەوڵەتییەکان ملکەچ بێت ( The White House, 2018). سەرەڕای نیگەرانی و هۆشداریەکانی دۆناڵد ترەمپ بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەورووپیەکان لە بارەی چارەسەر کردنی کەموکوڕیەکانی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بەڵام هیچ گۆڕانکاریەك لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەدا نەکرا و نیگەرانیەکانی دۆناڵد ترەمپ سەبارەت بەو ڕێکەوتنامەیە لەبەرچاو نەگیرا. لەبەرئەوە لە 8 ئایاری ٢٠١٨ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ هەڕەشەکانی لەو بارەیەوە کرد بە ڕاستی و بڕیاری کشانەوەی لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە ڕایگەیاند و ئاماژەی بەوەکرد چیتر ئەمریکا پابەندی ئەو ڕێکەوتنامەیە نابێت و سزاکانی سەر ئێران دووبارە زیندو دەکرێتەوە (O'toole 2018). پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ڕێکەوتنامەیە کشایەوە یان هۆکارەکانی پشت کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چین؟ لە کاتێکدا ئەم ڕێکەوتنە بە خۆشحاڵیەوە لە لایەن ئیدارەی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەسەرۆکایەتی باراك ئۆباما واژۆ کراوە. هۆکارەکانی کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا کورت بکرێتەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**یەکەم: ماوەی ڕێکەوتنامەکە،** ئیدارەکەی دۆناڵد ترەمپ پێی وایە ئەم ڕێکەوتنە بەرنامەی ناوکی ئێرانی بەتەواوی هەڵنەوەشاندۆتەوە، بەپێی ڕێکەوتنامەکە ئێران مافی سود وەرگرتنی لە وێستگە ئەتۆمیەکانی هەیە بەڵام سنوردار کراوە و ناتوانێت بۆ بواری سەربازی بەکاری بهێنێ. تەنانەت لەئەگەری جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکە وەك خۆی ئێران تەنها بۆ ماوەی ١٠ بۆ ١٥ساڵی تر لە پەرەپێدانی پرۆگرامی ناوەکی کۆت و بەند دەکرێت دوای ئەو ماوەیە، کە ڕێکەوتنەکە کۆتایی دێت ئێران لە گەڕانەوە بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامی ناوکی دەست کراوە دەبێت ئەگەر ڕێکەوتنامەیەکی تر واژۆ نەکرێت (Timmons 2018). ڕەنگە ئەم نیگەرانیەی ترەمپ لە جێگەی خۆیدا بێت هەروەك ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٥ کۆتایی دێت، دوای ئەوە ئێران ئازادە لەوەی دەست بکاتەوە بە چالاکیە ئەتۆمیەکان یان نا. لەبەرئەوە ترەمپ دەیەوێت ڕێکەوتنامەیەك واژۆ بکرێت کە بەهیچ شێوەیەك ماوەی دیاریکراوی نەبێت و هیچ دەروازەیەك بۆ گەیشتن بە چەکی

ناوەکی لەبەردەم ئێران نەهێڵێتەوە.

**دووەم: پرۆگرامی مووشەکی ئێران**، تەنانەت دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران لە ٢٠١٥، تاران لە پەرەپێدانی مووشەکی بالیستی دوور مەودا بەردەوامە ، بەم کارەی ئێران ڕووبەڕووی ڕەخنەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بووەتەوە بەوەی بەندەکانی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی پێشێلکردووە (Yadlin and Heistein 2018). وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە تاقیکردنەوەی مووشەکی دورهاوێژ پێشێلکردنی ئاشکرای ڕێکەوتنامە ناوکیەکەیە، کە داوا لە تاران دەکات خۆی بەدوور بگرێت لە هەر چالاکیەکی پەیوەست بە توانای مووشەکی کە هەڵگری کڵاوەی ناوەکی بێت (Reuters Staff 2017) . بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش و ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ئێران لە گەڵ وڵاتانی (٥+١) زیاتر جەختی لەسەر هەموو ئەو تەکنەلۆجیا سەربازیانە دەکاتەوە کە پەیوەستە بە توانا ئەتۆمیەکانەوە، بەڵام ئەو مووشەکانەی تر کە هەڵگری کڵاوەی ئەتۆمی نین لە ڕێکەوتنامەکەدا ئاماژەی پێنەکراوە. ئێران ئەم ناڕوونیی و بۆشاییەی بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامە مووشەکیەکانی قۆستۆتەوە و چەندین جۆری مووشەکی پێشکەوتووی لە دوای ڕێکەوتنامەکەوە تاقیکردۆتەوە. نیگەرانی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بارەی توانا مووشەکیەکانی ئێران پەیوەستە بە ئاسایشی هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی ئیسرائیل، کە لە ئێستادا ئێران چەند مووشەکێکی دورهاوێژی دروستکردووە دەتوانێت بگاتە خاکی ئیسرائیل(Al Jazeera 2017). بەم شێوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی کشانەوەی لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە و سەپاندنی سزاوە دەیەوێت بەربەست لەبەردەم گەشەسەندی توانا مووشەکیەکانی ئێران دابنێت.

**سێیەم: چالاکیەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**، دۆناڵد ترەمپ دەڵێت ئێران دەوڵەتێکی پاڵپشتیکاری سەرەکی تیرۆرە لە ناوچەکە و بەردەوام یارمەتیی گروپە پرۆکسیە تیرۆریستیەکان وەك حەماس و حیزبوڵا و تالیبان وئەلقاعیدە دەدات( The New York Time , 2018a). هەروەها ترەمپ ڕەخنە لە سەرۆکی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باراك ئۆباما دەگرێت لە بارەی ڕێکەوتنە ناوەکیەکەوە، ئەو پێی وایە ئیدارەکەی ئۆباما تەرکیزی سەرەکیان لەسەر پرۆگرامی ناوەکی ئێران بووە لەکاتێکدا هیچ سەرنجیانێکیان لەسەر چالاکیەکانی تری ئێران نەبووە، لە ناویشیاندا پشتگیریەکانی بۆ سوریا، دەستێوەردانەکانی لە جەنگی ناوخۆی یەمەن و ڕۆڵی سوپای پاسدارانی ئێران لە شێواندنی ناوچەکە. هەموو ئەو فراوانخوازیانەی ئێران لەسایەیەی ڕێکەوتنە ناوەکیەکە پێدەچێت ئەمریکای نیگەران کردبێت. ترەمپ زیاتر ڕەخنە لە ڕێکەوتنەکە دەگرێت، دەڵێت بلیۆنان دۆلاری بلۆکراوی ئێرانی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەو وڵاتە و ئەمە بووەتە هۆی لاواز بوونی هەژموونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (Gladstone 2018). ئیدارەکەی دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت ڕێکەوتنامەی ناوەکی لە گەڵ ئێران پەیوەست بە فراوانخوازیەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە سوریا و عێراق و یەمەن بکاتەوە ، هەروەك لەم ساڵانەی دواییدا ئێران لەو وڵاتانەدا بووەتە کارەکتەرەی سەرەکی. دوای ساڵێك لە کشانەوەی لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نیسانی ٢٠١٨ سوپای پاسدارانی خستە لیستی تیرۆریی ڕێکخراوە بیانیەکانەوە ، وەك

هەولێك بۆ سنورداركردنی چالاكیەكانی ئەو سوپایە لە ناوچەكە (U.S Department of State, ) 2019. هەروەك ئاشكرایە هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسداران بە فەرماندەیی قاسم سولەیمانی داڕێژەر و جێبەجێكاری پلانە سەربازییەكانی ئێرانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەرئەوە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەیەوێت چالاكیەكانی ئەم هێزانە لە ناوچەكە لە ڕێگەی سەپاندنی سزا و بەلیستكردنیان لە پاڵ ڕێكخراوە تیرۆریستیەكاندا كەمبكاتەوە یان سنوردار بكات.

**چوارەم:ئیسرائیل و كۆماریەكان،** سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نتنیاهو یەكێكە لەسەرسەخترین سەركردەكان كە دژی ڕێكەوتنامە ناوەكیەكەی ئێرانە، بەهۆی نیگەرانیەكانیەوە لە بوونی بنكە سەربازییەكانی ئێران لە سەرسنورەكانی ئیسرائیل لە خاكی سوریاوە. دۆناڵد ترەمپ و سەرۆكی ئیسرائیل پەیوەندیەكی توندو تۆڵیان لەسەر ئاستی شەخصی هەیە و چەندین جار ترەمپ لە وتارەكانیدا باسی لە پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلیەكان كردووە، ئەمە ڕەنگە كاریگەری لەسەر بڕیاری وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە بارەی كشانەوە لە ڕێكەوتنامەكە هەبێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێك لە پشتگیریكارە سەرسەختەكانی ترەمپ لە كۆنگرێسی ئەمریكا دژی ڕێكەوتنەكەن لە ناویاندا سیناتۆر تۆم كۆتن كە هەرلەسەرتاوە دژی ڕێكەوتنەكە بووەو لەگەڵ هاوڕێ كۆماریەكانی لە كۆنگرێس تا ئەو ئاستە ڕۆشتن، كە پەیامێكی ڕاستەوخۆ بۆ حكومەتی تاران بنێرن بەوەی هەر ڕێكەوتنامەیەك ڕەنگە هەڵوەشێتەوە (Timmons 2018). پێش چەند مانگێك لە كشانەوە لە ڕێكەوتنامەكە سەرۆكی ئەمریكا هەستا بە لابردنی هربرت ماكماستر لە پۆستی ڕاوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و دانانی جۆن بۆڵتن لەو پۆستە كە ئەمیان زۆر بەتوندی دژی ڕێكەوتنامەی ناوەكی ئێرانە. هەروەها دورخستنەوەی ریكس تیلرسون لە پۆستی وەزیری دەرەوە و دانانی مایك پومبیو لەو پۆستە، پومبیو بەوە ناسراوە كە زیاتر لە هەر كەسێك دژی ڕێكەوتننامەی ناوەكی ئێرانە(Dreyfuss 2018). هەموو ئەم گۆڕانكاریانە لە ئیدارەكەی ترەمپدا چەند مانگێك پێش كشانەوەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ڕێكەوتنامە ناوەكیەكەی ئێران هات، وەك ئاماژەیەك بۆ ئامادەكاری بۆ كشانەوەكە.

هەموو ئەم فاكتەرانە وایكردووە ترەمپ و ئیدارەی ئێستای ئەمریكا بە تایبەتی كۆماریەكان نیگەران بن لە پرۆگرامی ناوەكی ئێران، لەبەرئەوە ترەمپ دوا بڕیاری خۆی بە كشانەوە لە ڕێكەوتنامە ناوەكیەكەی ئێران ڕاگەیاند، بەو پێیەی ترەمپ پێی وایە پێویستە سنورێك بۆ چالاكیەكانی ئێران لە ناوچەكە دابنرێت لە ڕێگەی سەپاندنی زۆرترین سزای ئابوری و دارای بەشێوەیەك ئابوری ئێران شەكەت بكات و بەتەواوی لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیا گۆشەگیری بكات. بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بكرێت كشانەوە تاك لایەنەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ڕێكەوتنامەی ناوەكی ئێران كاریگەری و لێكەوتەی نێگەتیڤی لە سەر جیهان و ناوچەكە دەبێت، بەو شێوەیەی لە بەشی سێیەم دا شرۆڤە كراوە.

## تەوەری دووەم: كاردانەوە نێودەوڵەتیەكان

ئاشكرایە ڕێكەوتنی ناوەكی ئێران بە تەنها ڕێكەوتنێكی دوولایەنەی نێوان ئێران و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا نیە، بەڵكو زیاتر لە ڕێكەوتنێك دەچێت كە ڕەهەندی نێودەوڵەتی لە

خۆدەگرێت كە لە نێوان ئێران و وڵاتانی (٥+١) كە پێكهاتوون لە پێنچ ئەندامە هەمیشەیەكەی ئەنجومەنی ئاسایش لەگەڵ ئەڵمانیا ئەنجامدراوە. كشانەوەی تاك لایەنەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەو ڕێكەوتنامەیە بە واتای هەڵوەشانەوەی تەواوەتی ڕێكەوتنامەكە نایەت چونكە لایەنەكانی تر بەشدار لە ڕێكەوتنامەكە بەردەوامن لەسەر پابەندبوون بە ڕێكەوتنامەكەوە، بەڵام ناكرێت ئەو ڕاستیە لە بیربكرێت كە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا سەرەكیترین و كاریگەرترین بەشداربووی ڕێكەوتنامە ناوەكیەكەی ئێرانە. كشانەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكا كاریگەری لەسەر تەواوی ڕێكەوتنامەكە و لایەنە بەشداربووەكانی تر لە ڕێكەوتنامەكە دەبێت. هەموو وڵاتانی بەشدار لە ڕێكەوتنامەكە جگە لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا پابەند بوونی خۆیانیان بە ڕێكەوتنامەكە دەربڕیووە و پێیان وایە هەوڵێكی سەرەتاییە بۆ ڕێگەگرتن لەوەی ئێران ببێتە خاوەن چەكی ناوەكی. هاوپەیمانە ئەورووپیەكان هۆشداریان داوە لەوەی دەست بەرداربوون لە ڕێكەوتنامەكە ناوەكیەكە ڕەنگە دەرەنجامی مەترسیداری لێبكەوێتەوە و هانی ئێران بۆ دەستكردنەوە بە پرۆگرامە ناوەكیەكەی بدات (Wilkinson and Bierman٢٠١٨). لەم چوارچێوەیەدا وڵاتانی ئەندامی ڕێكەوتنامەكە ناوەكیەكە لە ئەوروپا، هەوڵەكانیان بۆ پاراستنی ڕێكەوتنامە ناوەكیەكە و هاندانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بۆ مانەوە لە ناو ڕێكەوتنامەكە خستە گەڕ.

دوو هەفتە پێش ئەوەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بڕیاری كشانەوە بدات لە ڕێكەوتنامە ناوەكیەكە هەریەكە لە ئیمانویل ماكرۆن سەرۆكی فەڕەنسا و ئەنجیلا میركڵ ڕاوێژكاری ئەڵمانیا سەردانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایان كرد بۆ ئەوەی قەناعەت بە دۆناڵد ترەمپ سەرۆكی ئەمریكا بكەن كە لە ڕێكەوتنامەی ناوەكی ئێران نەكشێتەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە سوودی نەبوو دواجار ترەمپ بڕیاری كشانەوەی لە ڕێكەوتنامەكە دەركرد (Liptak  Deutsche Welle ٢٠١٨) and 2018. سەرەڕای ڕەخنەكان لە بارەی ڕێكەوتنامەی ناوەكی ئێرانەوە، سەرۆكی فەرەنسا پاپەندبوونی وڵاتەكەی بە ڕێكەوتنەكە دەربڕی و ووتی لەگەڵ ئەوەی كە ڕێكەوتنەكە بێ كەم و كورتی نیە بەڵام فەرەنسا پێوەی پابەند دەبێت. هەروەها دەڵێت " ئێمە پێویست ناكات دەست بەرداری ڕێكەوتنەكە بین ئەگەر بەدیلێكی باشترمان لە جیاتی ئەو ڕێكەوتنە نەبێت ". ئەو بە ڕاشكاوی ڕایگەیاند ئەمە هەڵوێستی منە لەسەر ئەم پرسە(Rocha and Wagner 2018). بەهەمان شێوەی سەرۆكی فەرەنسا، ڕاوێژكاری ئەڵمانیاش پشتگیری خۆی بۆ ڕێكەوتنامە ناوەكیەكە نیشاندا و هاوڕابوو لەسەر زیادكردنی كۆت و بەند لەسەر پرۆگرامی مووشەكی ئێران و چالاكیەكانی لە ناوچەكە ئەگەر پێویستی كرد .(Nelson 2018)

لەسەر هەمان پرس، نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە ٢٩ نیسانی ٢٠١٨ ڕایگەیاند كە بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا ڕیكەوتوون لەسەر ئەوەی كە ڕێكەوتنامە ناوەكیەكە باشترین ڕێگایە بۆ وەستاندنی ئێران لە دەست ڕاگەیشتنی بە چەكی ناوەكی. بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێكی گونجاو بۆ پرسی كشانەوەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ڕێكەوتنامە ناوەكیەكە، تیرزا مەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دوو پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هەریەك لە سەرۆكی فەرەنسا ئیمانویل ماكرۆن و ڕاوێژكاری ئەڵمانیا ئەنگێلا مێركڵ ئەنجامدا و هەرسێ لایان پشتوانی خۆیان بۆ ڕێكەوتنامە

ناوەکیەکەی ئێران دەربڕی. سەرۆکی ئەم سێ وڵاتەش بە پێویستیان زانیوە پەرە بە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە بدرێت بۆ ئەوەی چەندین پرسی تر لەخۆبگرێت لەوانەش: پرۆگرامی مووشەکی ئێران و دەستێوەردانەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها ئەوان پابەندبوونی خۆیان بە کارکردن لە نزیکەوە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەربڕیووە لە پێناو چارەسەرکردنی پرسی ناوەکی ئێران و هێشتنەوە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە (Reuters Staff ٢٠١٨a). لە ئاستێکی فراوانتردا ئەم سێ وڵاتە ئەوروپیە هەموو هەوڵەکانی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی ڕیکەوتنامەی ناوەکی ئێران بەردەوام بێت بەم شێوەیەی کە هەیە یاخود ڕێکەوتنامەیەکی سەرباری بۆ زیاد بکرێت، چەند پرسێکی تر لەخۆ بگرێت کە جێگەی نیگەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بەڵام هەموو ئەم هەوڵانە لە لایەن وڵاتانی ئەوروپاوە نەیانتوانی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕازی بکەن بەوەی لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەکە بمێنێتەوە و نەکشێتەوە. هەنگاوەکەی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێشوازی لێکراو نەبوو، هەموو لایەنە بەشداربووەکانی ڕێکەوتنامەکە نیگەرانی و بەداخبوونی خۆیان بۆ بڕیارەکەی ترەمپ دەربڕی و لە هەمان کاتدا پابەندبوونی خۆیانیان بۆ ڕێکەوتنامەکە دووپاتکردەوە( Al Jazeera٢٠١٨). کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هیچ شێوەیەك لە لایەن وڵاتانی جیهانەوە بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا پێشوازی لێنەکرا، لەبەرئەوە تا نوسینی ئەم بابەتە هەوڵەکانی وڵاتە ئەوروپیەکان لە پێناو دۆزینەوە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ هێشتنەوەی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ئێران بەردەوامە ، بەڵام وا زیاتر لە ساڵێك تێپەر دەبێت وادیارە هەموو هەوڵەکانیان لەو بارەیەوە شکستی هێناوە ، ئێرانیش وەك کاردانەوەیەك بۆ نەگەیشتن بە چارەسەر، لە ئایاری ٢٠١٩ بڕیاریدا بەبەشێك لە بەندەکانی ڕێکەوتنامەکەوە پابەند نەبێت و ماوەی ٦٠ ڕۆژی بە وڵاتە ئەوروپیەکان داوە بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتای بدەن.

ڕووسیا و چین کە دوو وڵاتی تری بەشداری ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەن، لە هەمانکاتدا سودمەندن لە ڕێکەوتنەکە پشتگیری خۆیان بۆ بەردەوامبوونی دەربڕیووە و جەختیان لەوە کردۆتەوە کە پێویستە ئەو ڕێکەوتنامەیە وەك خۆی جێ بەجێبکرێت. وەك کاردانەوەیەك بۆ بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ، چین ڕاگەیاند بەڕێکەوتنامە ناوەکیەکەوە پابەند دەبێت. لەم بارەیەوە ووتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین (هوا تشون ییغ) وتی "چین لە پەیوەندی لەگەڵ هەموو لایەنە بەشداربووەکان بەردەوام دەبێت و ڕێکەوتنامەکە دەپارێزێت و بەتەواوی پێوەی پابەند دەبێت" (Lo 2018) . هەروەها ووتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا (ماریا زاخاروفا) دەڵێت ڕووسیا دەربارەی لێدوانەکانی سەرۆکی ئەمریکا لەبارەی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ئێرانەوە زۆر نیگەرانە. زاخاروفا ووتی کە ڕێکەوتنەکە میکانیزمێکی هاوسەنگە کە بەرژەوەندی هەموو لایەنەکانی لە بەرچاو گرتووە و لەباربردنی ئەم ڕێکەوتنە دەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە(Xinhua 2018). لێرەوە دەگەین بەو دەرەنجامەی کە جگە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەموو وڵاتانی تری بەشدار لە ڕێکەوتنامەکە خوازیارن کە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە هەڵنەوەشێتەوە و هەموو لایەك پابەند بن بە دەقی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ٢٠١٥ وە کە لە نێوان ئێران و وڵاتانی ٥+١ واژۆ کراوە.

## بەشی سێیەم: ئایندەی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە و سیناریۆی داهاتووی پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران

### تەوەری یەکەم: ئایندەی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ئێران

ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران بە سروشتی خۆی ڕێکەوتنێکی فرە-لایەنە، کەواتە کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو ڕێکەوتنامەیە کاریگەری خراپی دەبێت لە سەر داهاتووی ڕێکەوتنامەکە و لە هەمان کاتدا لێکەوتەی فرە ڕەهەندی دەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆیە دەکرێت ئاماژە بە چەند ئەگەرێك بکرێت.

**یەکەم: هەڵوەشانەوەی تەواوەتی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە:**

سەرەڕای کشانەوەی واشنتۆن لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە لە ئایاری ٢٠١٨، تاران پابەندبوونی خۆی بە ڕێکەوتنەکە هێشتەوە وەك هیوایەك بە وڵاتانی ئەوروپا بۆئەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ ئەو پرسە بدۆزنەوە، بەڵام زیادبوونی فشار و سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و شکستی وڵاتانی ئەوروپا لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو پرسە، وایکرد ئێران دوای ساڵێك چاوەڕوانی لە مانگی ئایاری ٢٠١٩ بڕیاری پابەند نەبوون بە بەشێك لە ڕێکەوتنامەکە ڕابگەیەنێت و ماوەی دوو مانگ بدات بە وڵاتانی ئەوروپا بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن، ئەگەر نا ئێران بە تەواوەتی لە ڕێکەوتنامەکە دەکشێتەوە(Griffiths, Berlinger and McKenzie 2019). دیارە کشانەوەی ئێران لەو ڕێکەوتنە خراپترین سیناریۆ دەبێت بۆ داهاتووی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران، بەو پێیەی لەو حاڵەتدا ئێران دەستکراوە دەبێت بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامی ناوەکی و لە دوایدا بەرهەم هێنانی چەکی ناوەکی ئەگەر بێت و ڕێکەوتنێکی نوێی واژۆ نەکرێت. لە ڕاستیدا ڕەنگە هاندەرێکی ئەوتۆ بۆ ئێرانیەکان نەمابێت بۆ ئەوەی چیدی پابەندی ڕێکەوتنەکە بن، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو سزاکانی سەر ئێرانی زیندوو کردۆتەوە و تەنانەت کەشتی گەلی جەنگی و هێزی ئاسمانی زۆری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جوڵاندووە وەك هۆشدارییەك بۆ ئێرانیەکان. ئەم ئەگەرە کاتێك ڕوودەدات کە ئێران و وڵاتانی تری بەشدار لە ڕێکەوتنامەکە لە داهاتوودا بە هیچ ڕێکەوتنێك لەسەر پرسی پرۆگرامی ناوەکی ئێران نەگەن ، ئەو کاتە بەشێوەیەکی سروشتی ڕێکەوتنامەکە هەڵدەوەشێتەوە. هەروەك لایەنێکی بەهێزی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە ڕێکەوتنەکە کشاوەتەوە و سزاکانی سەر ئێرانی نوێکردۆتەوە، و ڕایگەیاندووە هەر دەوڵەت و کۆمپانیایەك دەکاتە ئامانجی سزاکانی ئەگەر کار لە گەڵ ئێراندا بکەن. ئێرانیش پابەندبوونی خۆی بە بەشێك لە ڕێکەوتنامەکە هەڵپەساردووە و چاوەڕێی وڵاتانی ئەوروپایە دەرچەیەك بۆ چارەسەری کێشەکە بدۆزنەوە. ئەمەش وایکردووە پرسەکە ئاڵۆزتر بێت چونکە لەلایەکەوە ئەمریکا بەهیچ شێوەیەك ئامادە نیە پابەندی ڕێکەوتنەکە بێت و سورە لەسەر سزادانی کۆمپانیا ئەوروپیەکان ئەگەر کار لەگەڵ ئێران بکەن، لە لایەکی ترەوە وڵاتە ئەوروپیەکان پێویستە خۆیان یەکلا بکەنەوە کە ئایا دەتوانن داواکاریەکانی ئێران جێ بەجێبکەن یان نا، هەروەك ئێرانیەکانیش چەندین جار هۆشداریان داوە

لەوەی کە وڵاتانی ئەوروپا لە زووترین کاتدا دەبێت لە بارەی پرسی ڕێکەوتنامەکە بڕیار بدەن. بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە کە داواکاریەکانی ئێران زۆرێکیان پەیوەستە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە کە ڕەنگە وڵاتانی ئەوروپا شتێکی ئەوتۆیان پێنەکرێت، لەم بارەیەوە عەلی خامنەئیی ڕێبەری باڵای ئێران لە ٢٧ حوزیرانی ٢٠١٨، لیستی ئەو داواکاریانەی ڕاگەیاند کە پێویستە وڵاتانی ئەوروپا (بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا) گرەنتی بکەن، کە ئەم چەند خاڵە لە خۆدەگرێت: یەکەم، پێویستە وڵاتانی ئەوروپا بەڵێن بدەن کە خۆیان بەدور دەگرن لە قسەکردن لەسەر پرۆگرامی مووشەکی ئێران یان چالاکیەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دووەم، پێویستە بانکە ئەوروپیەکان لە مامەڵەیان لەگەڵ ئێران بەردەوام بن. سێیەم، ئەوان پێویستە لە کڕینی نەوتی ئێران بەردەوام بن و ئەگەر پێویستی کرد ئەو نەوتەش بکڕن کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری داوە نەیکڕێت. چوارەم، ئەوان پێویستە لەدژی سزاکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران بوەستنەوە. پێنجەم، ئەوان پێویستە ئیدانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەن بۆ پێشێلکردنی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان کە پاڵپشتی لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە دەکات (Tertais 2018). لەڕاستیدا ئەگەر وڵاتە ئەوروپیەکان بەهەموو ئەم داواکاریانەی ئێران ڕازی بێت ئەوا خۆیان دەخەنە بەرەی دژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، لەبەرئەوە بۆ وڵاتە ئەوروپیەکان بڕیارێکی قورسە کە دەبێت لە نێوان ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکێکیان هەڵبژێرن، بەم شێوەیە وڵاتە ئەوروپیەکان و کۆمپانیاکانیان دوو بژاردەیان لەبەردەستدایە یان دەبێت گوێ بە هەڕەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەدەن و کار لەگەڵ ئێران بکەن یاخود دەبێت لە ترسی سزاکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو وەبەرهێنانەکانیان لە ئێران ڕابگرن. پێناچێت کۆمپانیا گەورەکانی ئەوروپا لە پێناو سودێکی سنوردار کە لە ئێران دەستیان دەکەوێت خۆیان بخەنە بەردەم سزای ئابوری سەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەو کۆمپانایانە بەرژەوەندیەکی زۆریان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە و کار لە گەڵ بانکە ئەمریکیەکان دەکەن و وەبەرهێنانیان لە ئەمریکایە (Al Jazera 2018). لەبەرامبەردا تاران بە تەواوی ئامادەکاری کردووە بۆ ئەگەری هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنامەکە، لەم چوارچێوەیەدا لە ٢٤ حوزیرانی ٢٠١٨ ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئێران ڕایگەیاند کە تاران ئامادەکاری کردووە بۆ زیادکردنی توانای پیتاندنی یۆرانیۆم ئەگەر ڕێکەوتنامەی ناوەکی لەگەڵ هێزە جیهانیەکان لە دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵوەشێتەوە. ئەم هەنگاوەی ئێران لە دوای ئەوە هات کە ڕێبەری باڵای ئێران عەلی خامنەئیی فەرمانی بە ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئێران کرد کە بۆ بەرزکردنەوەی توانای پیتاندنی یۆرانیۆم دەست بە ئامادەکاری بکەن لە حاڵەتی شکستهێنانی هەوڵەکانی ئەوروپا بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن ( Reuters 2018b). بەنسبەت چین و ڕووسیاوە کە دوو لایەنی ڕێکەوتنامەکەن ڕەنگە هێندەی وڵاتانی ئەوروپا بە بڕیارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاریگەر نەبن، بۆیە پێدەچێت ئەم دوو وڵاتە ئەمە بە هەل بزانن بۆ زیادکردنی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانیان لە ئێران بەتایبەتی ئەو کۆمپانیایانەی کە بەرژەوەندی کەمیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە. هەموو ئەم فاکتەرانە وادەکەن کە لە ئێستادا ئەم ئەگەرە بەهێز بێت ، هەرچەندە دەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە بەوەی ئێران

وەك كاردانەوەیەك بۆ هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە دووبارە بە تەواوی دەست دەکاتەوە بە پرۆسەی پیتاندنی یۆرانیوم و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی. بەم شێوەیە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی ناسەقامگیری زیاتر دەبێتەوە بە تایبەتی لەو ناوچانەدا کە ئێران هەژموون و کاریگەری هەیە هەوڵدەدات بەرژەوەندیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بکاتە ئامانج.

**دووەم: هێشتنەوەی ڕێکەوتنامەکە بەبێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:**

دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەرپرسەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە گەڵ هاوتاکانیان لە وڵاتانی چین، ڕووسیا، فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا لە هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە. ڕێبەری باڵای ئێران عەلی خامنەئیی کە قسەی کۆتایی لە سەر هەموو پرسە گرنگەکانی ئێران هەیە ، چوارچێوەی کاری بۆ بەشداریکردنی دیبلۆماتکارە ئێرانیەکان لە پرۆسەیەکی نوێی گفتوگۆکان لە گەڵ وڵاتانی ئەورووپا داناوە ، کە ئامانج لێی مانەوەی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ئێرانە بەبێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئامانجی گفتوگۆکان و هێڵی سوری ئێرانیەکان پەیوەستە بە وەرگرتنی گرەنتی لە ئەورووپیەکان کە شایەنی ئەوە بێت ئێران لە ڕێکەوتنامەکە بمێنێتەوە بەبێ بەشداریکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (Tabatabai 2018). سەرەڕای چەندین خولی دانوستان لە نێوان ئێران و وڵاتانی ئەورووپا لە دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنەکە، بەڵام تا نوسینی ئەم بابەتە بە هیچ دەرەنجامێك نەگەیشتوون، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ مەرجە قورسەکانی ئێران و بوونی بەرژەوەندیی زۆری وڵاتانی ئەورووپا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە نایانەوێت لە بەرخاتری ئێران قوربانی بدەن. هەرچەندە دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامەکە، ئێران و وڵاتە ئەورووپیەکان بۆ هێشتنەوەی ڕێکەوتنامەکە لە گفتوگۆ و دانوستان بەردەوامن. بەڵام لە ڕاستیدا ئامادە نەبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە گرفتی زۆر لەبەردەم لایەنە دانوستکارەکان دروست کردووە، هەروەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزاکانی سەر ئێرانی زیندوکردۆتەوە و چەندین جاریش هۆشداری داوە لەوەی کە سزا بەسەر هەر کۆمپانیا و وڵاتێك دەسەپێنێت ئەگەر مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکەن، بۆیە لێرەدا ئەو وڵاتانەی بەشدارن لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە بە وریایەوە مامەڵە دەکەن و نایانەوێت ڕووبەڕووی سزاکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ببنەوە. لەبەرئەوە ئەم سیناریۆیە لە ئێستادا تاڕادەیەکی کەم ئەگەری ڕوودانی هەیە بە هۆی قورسی ئەو داواکاریانەی ئێران لە وڵاتانی ئەورووپا هەیەتی. ئایندەی ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران بەندە بە هەوڵەکانی یەکێتی ئەورووپا و ڕووسیا و چین بۆ هێشتنەوەی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە بە زیندووی بەبێ بوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناویدا. هەرچەندە ئەورووپا لە هەوڵی بەردەوامدایە تاکوو نەخشە ڕێگایەکی نوێ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئێران لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە بمێنێتەوە، بەڵام تا ئێستا بە هیچ لێك تێگەشتنێك نەگەیشتوون، لەبەرئەوە ئایندەی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ئێران بە نادیاری ماوەتەوە.

**سێیەم: دووبارە واژۆکردنی ڕێکەوتنامەیەکی نوێ:**
مەبەست لە واژۆکردنی ڕێکەوتنامەیەکی نوێ ئەوەیە کە ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە ڕێکەوتنامەیەکی نوێ واژۆ بکەن کە نیگەرانیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە پرۆگرامی ناوەکی ئێران لە ڕێکەوتنە نوێیەکە جێ بکرێتەوە. هەرچەندە لە ئێستادا ئەمە لاوازترین سیناریۆیە بەهۆی گرژی و ئاڵۆزیەکانی نێوان ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام لە داهاتوودا ڕەنگە بەهێزی سزاکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی تری ڕۆژئاوا، ئێرانییەکان ناچار بکەن جارێکی تر بێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ و بە مەرجەکانی لایەنە دانوستکارەکان ڕازی بن.

**تەوەری دووەم: سیناریۆکانی داهاتووی پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران**
پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مێژوویەکی درێژ لە ململانێ و ناکۆکی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هیچ کات نەچوونەتە جەنگێکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ یەکتر، لەبەرئەوە دیبلۆماسیەت و گفتوگۆکان ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە لێکنزیکردنەوەی ئەو دوو وڵاتە. لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا پەیوەندییەکانیان گەیشتۆتە بنبەست و تەنانەت گەیشتۆتە ئاستێك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزی دەریای و ئاسمانی بۆ ناوچەکە جوڵاندووە کە دەکرێت دەرەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە ئەگەر بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاڵۆزیانەدا نەکرێت. لەسەربنەمای سوود وەرگرتن لە ڕابردوو و خوێندنەوەی بارودۆخی ئێستا و پێشبینی کردن بۆ داهاتوو هەوڵ دەدەین سێ سیناریۆ بۆ ئایندەی پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشنیار بکەین بەم شێوەیەیی لای خوارەوە:

**سیناریۆی یەکەم: ئەگەری هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ئێران:**
زۆرێك لە بەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام جەختیان لەوە کردۆتەوە کە هێرشی سەربازی دەکرێت وەك دوا چارەسەر لەبەرچاو بگیرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران. بەتایبەتی لە ئێستادا کە ناکۆکی و ئالۆزییەکانی نێوانیان گەیشتۆتە لووتکە و زۆرێك پێشبینی جەنگ دەکەن و ئامادەکارییە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناردنی هێزی دەریای و ئاسمانی بۆ ناوچەکە دەکەنە بەڵگە بۆ ئەم پێشبینیە. دەنگۆی هێرشکردنە سەر ئێران زیاتر بووە جێگەی باسی میدیاکان کاتێك لە کۆتایی تەمموزی ٢٠١٨ بەرپرسێکی باڵا لە حکومەتی ئوسترالیا بە تۆری هەواڵی (ئەی بی سی) ئوسترالیای ڕاگەیاندبوو کە ئەوان پێیان وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەکاری دەکات بۆ هێرشکردنە سەر وێستگە ئەتۆمیەکانی ئێران بەم زووانە، هەروەها ئەوە ئاشکرا کراوە کە پێدەچێت دەزگاکانی بەرگری ئوسترالیا لە دیاریاریکردنی ئامانجەکان لە ئێران ڕۆڵ بگێرن ، هەروەك دەزگا هەواڵگریەکانی بەریتانیا هەمان ڕۆڵ دەبینن (ABC,2018). زانیاریەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە زۆر ورد نەبوو بۆ پشت بستن پێی و هەروەك سەرچاوەکەی نادیار بوو, تەنانەت سەرۆك وەزیرانی ئوسترالیا مالکوم تیرنبول زانیاریەکانی ناو ڕاپۆرتەکەی ڕەتکردەوە و ووتی ئەو هیچ هۆکارێکی نیە بۆ بڕوابوون بەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی

سەربازی ئامادەکاری بکات ، هەروەها دەڵێت ئەم چیرۆکی هێرشکردنە بەهیچ شێوەیەك لە لایەن (ئەی بی سی)ەوە نە لەگەڵ من و نە لە گەڵ وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری باس نەکراوە ( The Straits Times, 2018). لە دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامە ناوەکیەکە لە ئایاری ٢٠١٨، جەنگی ووشەیی و ساردی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستیپێکرد، و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بوونە کەناڵی سەرەکی ئاڕاستەکردنی تۆمەت دژی یەکتری، هەروەك لە ٢٢ تەمموزی ٢٠١٨، سەرۆکی ئێران حەسەن ڕووحانی هۆشداریدایە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە سیاسەتی دووژمنایەتی بەرامبەر ئێران، و ووتی " ئەمریکا پێویستە بزانێت کە ئاشتی لەگەڵ ئێران بنەمای هەموو ئاشتیەکانە لە ناوچەکە، و جەنگ لە گەڵ ئێران سەرچاوەی هەموو جەنگەکانی ترە". زیاتر لەوە ئەو دەڵێت" مستەر ترەمپ یاری بە کلکی شێر مەکە، ئەمە تەنها سەر دەکێشێت بۆ پەشیمان بوونەوە"( Reuters Staff, 2018). سەرۆکی ئێران لێرەدا بەشێوەیەك لە شێوەکان ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەگەر ئەمریکا هێرشبکاتە سەر ئێران، ئەوا تاران دەستەوەستان نابێت بەڵکو ئەمریکا دەخاتە گێژاوی چەندین جەنگی ترەوە کە ڕەنگە تاران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پشت بەستن بە گرووپە پرۆکسیەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە و هاندانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا هەڵی بگیرسێنێت. لە وەڵامی خێرای ڕووحانیدا، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکا دۆناڵد ترەمپ لە تویتکێدا، دەڵێـت، " بۆ سەرۆکی ئێران ڕووحانی: هەرگیز جارێکی تر هەڕەشە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەکەی، یان ئەوەتا تۆ دەناڵێیت بەهۆی دەرەنجامە خراپەکەیەوە وەك هەندێك لەوانەی بەدرێژایی مێژوو چەشتویانە لە پێشوودا. ئێمە چیتر ئەو وڵاتە نین کە تەئیدی وشە شێتانەکانی ئێوە بکەین دەربارەی توندوتیژی و مردن. ئاگەدار بن!" ( The New York Times, 2018b). دۆناڵد ترەمپ سەرەڕای لێدوانە هەڕەشە ئامێزەکانی، بەکرداری لە نیسانی ٢٠١٩ سوپای پاسدارانی بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو خستە لیستی تیرۆری ڕێکخراوە بیانیەکانەوە و هەموو ئەوانەی لەم لیستەدان گرووپی چەکدار و ئاکتەری نێودەوڵەتین نەك بەشێك لە سوپای فەرمی وڵاتێك. وەك کاردانەوەیەك لەبەرامبەر بڕیارەکەی ئەمریکا، پەرلەمانی ئێران لە ١٦ نیسانی ٢٠١٩، واتە ڕۆژێك دوای جێبەجێبەجێکردنی بڕیارەکەی ئەمریکا لە دژی سوپای پاسداران، پرۆژە یاسایەکی بەناوی " مامەڵەی هاوشێوە لە دژی بە تیرۆرناساندنی سوپای پاسداران وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە لایەن ئەمریکاوە" تێپەڕاند، پرۆژە یاساکە داوا دەکات هەموو هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوای ئاسیا وەك تیرۆریست لە قەڵەم بدرێن. پرۆژە یاساکە بە دەنگی ٢٠٤ ئەندام تێپەڕێنرا لە کاتێکدا ٢ ئەندام دژی بوون لە کۆی ٢٠٦ ئەندام پەرلەمانی ئامادەبوو. دوای ماوەیەکی کەم لەم ڕووداوە، دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا ئاماژەیان بەوە کرد کە ئێران پلانی داناوە بۆ بەئامانجگرتنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و شوێنەکانی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاریدا کە ئاسایشی هێزەکانی لە ناوچەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەوڵێکی ئێران بۆ هێرشکردن توندتر بکات (Lubold and Gordon ٢٠١٩). لە ٦ ئایاری ٢٠١٩، جۆن بۆڵتن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئێران هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئامادەکاری تەواوی سەربازی دەکەین بۆ

وەڵامدانەوەی هەر هەڕەشەیەك كە لە لایەن ئێرانەوە یان گروپەكانی سەر بە ئێرانەوە بكرێتە سەر وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا (Burns and Lucey 2019). دوای ئەم ڕاگەیاندنەی جۆن بۆڵتن، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەستیكردووە بە جموجۆڵی سەربازی و فرۆكەی جەنگی (B52) و سەكۆی مووشەكی پاتریۆت و كەشتی فرۆكە هەڵگری ئبراهام لنكون و كەشتی گوێزەرەوەی یو ئێس ئێس ئرلینگتۆنی ڕەوانەی ناوچەكە كردووە (Trevithick 2019). زیاتر لەوەش، بنتاگۆن بڕیاری داوە هێزی زیاتری سەربازی لە ناوچەكە بڵاوە پێبكات هەر لە سەربازی زەمینیەوە بۆ فرۆكەی بێ فرۆكەوان تا دەگات بە فرۆكەی جەنگی. پاتریك شاناهان وەزیری بەرگری ئەمریكا بەوەكالەت دەڵێت بڕیارەكە ناردنی نزیكەی ١٥٠٠ سەرباز و جێگیركردنی سیستەمی مووشەكی پاتریۆت بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێكی مووشەكی لەخۆدەگرێـت، لەگەڵ ڕەوانەكردنی تیمی زیاتری هەواڵگری و فرۆكەی چاودێری و جەنگی، لە پێناو ئامادەی تەواو بۆ وەڵامدانەوەی هەر هەڕەشەیەك (Macias 2019). سەرباری ئامادەكارییە سەربازییەكانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، دۆناڵد ترەمپ لە ١٩ ئایاری ٢٠١٩، لە تویتێكدا دەڵێـت " ئەگەر ئێران بیەوێت جەنگ بكات، ئەوا كۆتایی فەرمی ئێران دەبێت. هەرگیز جارێكی تر هەڕەشە لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا نەكەن" (Trump 2019). لە وەڵامدا، بەرپرسێكی باڵای سەربازی ئێران وەڵامی هەڕەشەكەی ترەمپی داوەتەوە و ووتی ئێران وەڵامی وێرانكەری دەبێت بۆ هەر پێكدادانێكی سەربازی ئەگەر وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا تێوەبگلێت(Hughes ٢٠١٩). هەرچەندە تا نوسینی ئەم بابەتە هیچ پێكدادانێكی سەربازی لە نێوان وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئێران رووی نەداوە، بەڵام پێدەچێت لە داهاتوودا پێكدادانی سنوردار لە كەنداوی فارس و ناوچەكانی تر لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا ڕووبدات خۆ ئەگەر كۆنترۆڵ نەكرێت ڕەنگە سەر بكێشێت بۆ جەنگێكی گشتگیر.

سەرەڕای بوونی دەنگۆی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران و ئەگەری ڕوودانی جەنگ لە نێوان ئەو دوو وڵاتە، بەڵام چەند هۆكار و فاكتەرێك هەن كە وادەكەن ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران لە لایەن وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە سیناریۆیەكی تاڕادەیەك لاواز بێت، بۆ پشت ڕاستكردنەوەی ئەم گریمانەیە دەكرێت ئاماژە بە چەند خاڵێك بكرێت لەوانەش: یەكەم، لە ئێستادا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گێژاوێكی قوڵدایە، بەدەگمەن دەوڵەتێك دەدۆزیتەوە كە جەنگ و پشێوی تێدا نەبێت یاخود لە جەنگی ناوخۆی وڵاتێكی تردا تێوە نەگلا بێت، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش لە زۆرێك لە دەوڵەتەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون و كاریگەری هەیە و سەرقاڵی هێوركردنەوەی بارو دۆخی سیاسی و دابینكردنی سەقامگیریە لەو وڵاتانەدا، بۆ نمونە عێراق و سوریا. لەبەرئەوە هەر هەنگاوێكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە ئاڕاستەی هێرشكردنە سەر ئێران بارودۆخەكە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دەتەقێنێتەوە و ناوچەكە بەرگەی جەنگێكی لەم شێوەیە ناگرێت و سەردەكێشت بۆ چەندین ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی تر لە ناوچەكە. دووەم، بە پێچەوانەی جەنگی ڕووخانی صەدام حسین لە ٢٠٠٣، ڕەنگە لەم جەنگەدا زۆر كەمبن ئەو دەوڵەتانەی كە پشتگیری جەنگێكی لەم شێوەیە لە دژی ئێران بكەن، هەروەك بینرا كە زۆربەی وڵاتانی جیهان دژایەتی خۆیان بۆ كشانەوەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ڕێكەوتنامەی ناوەكی ئێران دەربڕی و

بە هەنگاوێکی خراپیان لە قەڵەمدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی وڵاتانی ئەورووپا و چین و ڕووسیا لە هەوڵی ئەوەدان چوارچێوەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ئێران هەڵنەوەشێتەوە و ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەڵەتی دانەبڕێت. بە واتایەکی تر ڕەنگە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاساوێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەبێت بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئێران، ئەگەر هێرشی سەربازیش ئەنجامبدات ئەوا ڕەنگە پشگیریەکی ئەوتۆی نێودەوڵەتی نەبێت کە بە سەلامەتی لەو جەنگە دەربچێت، زیاتر لەوەش جەنگی ئەفغانستان و عێراق کاریگەری زۆری لەسەر ڕای گشتی ئەمریکیەکان هەبووە بۆیە پێناچێت لە ئێستادا بەهیچ شێوەیەك پشتگیری جەنگێکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەن. سێیەم، ئەگەر بەراوردی ئێران و عێراق بکرێت، ڕەنگە ئێرانیەکان بە ئاسانی چەك فرێ نەدەن وەك ئەوەی لە عێراق بینرا لە ٢٠٠٣، بەڵکۆ پێشبینی بەرگرییەکی زیاتر لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە دەکرێت (Adam 2012). زیاتر لەوەش ئێران لە ڕووی تەکنەلۆجیای سەربازییەوە تاڕادەیەکی باش پێشکەوتووە هەرچەندە بەراورد ناکرێت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە ئێران توانای بەرگری و شەڕکردنی لە گەڵ هەر هێزێك هەیە کە دەچێتە جەنگەوە. لە کۆتاییدا ئێران ئەزموونێکی باشی لە جەنگی پرۆکسی و بەوەکالەتدا هەیە، بوونی هەڕەشەی سەربازی لەسەر ئێران وادەکات کە تاران بیر لە بەکارهێنانی هەموو گرووپە پرۆکسیەکانی بکاتەوە بۆ لێدان لە بەرژەوەندیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یاخود هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بە تایبەت ئیسرائیل.

بەڵام لێرەدا پێویستە بپرسین: ئەگەر هێرشی سەربازی بکرێتە سەر ئێران، چی ڕوودەدات و کاردانەوەی ئێران چۆن دەبێت؟ گومانی تێدا نیە کە ئێران لە بەرامبەر هێرشی سەربازی بۆ سەر وڵاتەکەی دەستەوەستان نابێت و بۆ ئەوەی بەرپەرچی دووژمنەکەی بداتەوە هەموو هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ. ئێران درکی بەوەکردووە کە ناتوانێت لە بەرامبەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا براوەی جەنگ بێت بە مانا تەقلیدیەکەی جەنگ، ئەمە بەواتای ئەوە نیە کە ئێران شێوازی تەقلیدی جەنگ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا بەکارناهێنێت (Michael, 2012)، بەڵکۆ بۆ زیانگەیاندن بە سوپای ئەمریکا هەموو شێوازە تەقلیدی و مۆدێرنەکان تێکەڵ دەکات. لە نێو ئەو پێشبینیانەی کە ڕەنگە ڕووبدەن لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی دەکرێت ئاماژە بە چەند ئەگەرێك بکرێت:

- ڕووبەڕووبوونەوە و تۆڵە کردنەوەی ڕاستەوخۆ لە دژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئێران هەموو هێزی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ تۆڵەسەندنەوە و زیانگەیاندن بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تاران پشت بە توانای مووشەکی دورهاوێژ و مووشەکی دژە کەشتی و ژێر دەریایی ئاوی بچوك و بەلەمە جەنگیەیە بچوکە تیژڕەوەکانی بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەبەستێت (Long ٢٠١٢). هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕووی توانای تەکنەلۆجی و سەربازیەوە زۆر بەهێزترە لە ئێران، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە گەڵ سەرەتای هێرشەکرندا دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و کۆماری ئیسلامی ئێران بە دەردی عێراق لە ٢٠٠٣ بەرێت. لەبەرئەوە ئێران بە توندی ڕووبەڕووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێتەوە و بەڵکو زیانی گیانی و مەعنەوی و

مادی زۆر بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەیەنێت، ئەمەش بەشێوەیەکی سادە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ توانای سەربازی ئێران و فراوانی و سەختی جوگرافیای وڵاتەکە.

- بەهێزترین دەرفەتی ئێران بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ئەمریکا ڕەنگە لە ڕێگەی بەکارهێنانی پلانی داڕێژراوی جەنگی ناوهاسەنگ و پرۆکسیەوە بێت. لەم حاڵەتەدا، ئێران گروپە پرۆکسیەکانی لە عێراق و سوریا و ئەفغانستان بەکار دەهێنێت بۆ هێرش کردنە سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکە، هەروەك ئێران پێشتر ئەم گروپانەی پڕچەك کردووە و چەندین مووشەکی کورت مەودای پێداون. ئەم تۆڵەکردنەوە ناڕاستەوخۆیە ڕەنگە زۆر زیاتر زیان بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگەیەنێت وەك لە تۆڵەکردنەوەی ڕاستەوخۆ لە لایەن ئێران خۆیەوە، هەروەك ئەم گروپە پرۆکسیانەی ئێران لە چالاکیەکانیاندا مووشەك و ڕۆکێتی ئێرانی بەکاردەهێنن و کردەوەی تیرۆریستی و ڕفاندن و تیرۆرکردن لە دژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامدەدەن (Mike ٢٠١٨). ئەوەی ئەم ئەگەرە زۆر بەهێز دەکات ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بنکەی سەربازی و بەرژەوەندی زۆری لەو وڵاتانەدا هەیە کە پرۆکسیەکانی ئێرانی تێدا ئاکتیڤن و چالاکی ئەنجامدەدەن.
- ئێران بە تەنها ڕووبەڕووی ئەمریکا نابێتەوە، بەڵکو ئیسرائیلیش دەکاتە ئامانجی هێرشەکانی هەروەك ئێرانیەکان بەشێکی بەرپرسیارێتیەکان بۆ هەر هێرشێك کە بکرێتە سەر وڵاتەکەیان دەخەنە ئەستۆی ئیسرائیل تەنانەت ئەگەر سوپای ئیسرائیل بەشێوەی ڕاستەوخۆش بەشداری لەو هێرشانە نەکات، هەروەك ئەحمد خاتەمی پیاوی ئاینی دیاری ئێران لە ٢٢ ئابی ٢٠١٨ لە ووتاری نوێژی جەژندا هۆشداری دایە واشنتۆن بەوەی کە ئەگەر هێرش بکرێتە سەر ئێران ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکەی ئیسرائیل دەبنە ئامانجی هێرشەکانی ئێران. هەروەها ئەو ووتی " باجی جەنگ لە گەڵ ئێران زۆر قورس دەبێت لەسەر ئەمریکا. ئەوان دەزانن کە ئەگەر زیان بەم وڵاتە بگەیەنن بە شێوەیەکی کەمیش بێت، ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانیە سەرەکیەکەی ڕژێمی زایۆنی (ئیسرائیل) دەبنە ئامانجی ئێران"(Tima ٢٠١٨). ئەمە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە ئەگەر بێتو ئێران بکرێتە ئامانج لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پریشکی شەڕ بە هەرشێوەیەك بێت ئیسرائیلیش دەگرێتەوە.
- ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ لەناوبردنی وێستگە ئەتۆمیەکانی ئێران و گۆرینی ڕژێمی سیاسی ئێرانە نەك داگیرکردنی ئێران. ئەگەر ئەمریکا سەرکەوتوو بێت لە وێرانکردنی وێستگە ئەتۆمیەکانی ئێران یان نا، ئەوا هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران دەبێتە هاندانی زیاتری دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بۆ پەرەپێدان و بەرهەم هێنانی چەکی ناوەکی. هەروەك قوتابخانەی ڕیالیستەکان تیشك دەخەنە سەر ئەوەی کە دەوڵەتان لە پێناو زیادکردنی هێزیان هەموو تواناکانیان دەخەنە گەڕ چونکە سیستەمی نێودەوڵەتی لە گێژاودایە و دەوڵەتان دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی دووژمندا پشت بە خۆیان ببەستن. ئێرانیش چەکی ئەتۆمی بە سەرچاوی هێز بۆ وڵاتەکەی دەزانێت ئەگەر بێتو ئەو هەڕەشانەی لەسەر ئێران هەیە بێن بە ڕاستی.

- ڕەنگە ئێران پەنا بەرێت بۆ داخستنی گەرووی هورمز یان بەلایەنی کەمەوە گرفت بۆ هاتوچۆی دەریایی لە گەرووەکەدا دروست بکات، گەرووی هورمز بایەخی ستراتیجی تایبەتی هەیە لەبەرئەوەی سەرەکیترین ڕێرەوی ئاویە کە دەوڵەتەکانی وەك کویت، عێراق، ئێران، بەحرەین، قەتەر، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و سعودیەی عەرەبی نەوتی پێدا هەناردەی بازارەکانی جیهان دەکەن. تەنها سعودیە و ئێران ڕێگای ئاوی بەدیلیان هەیە بۆ هەناردەکردنی نەوت بەهۆی پێگەی جوگرافیانەوە(Amanda ٢٠١٧). هەرچەندە ئێران زیان بە ئابوری خۆشی دەگەیەنێت لە داخستنی گەرووی هورمزدا، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا قەیرانێکی گەورە لە بازاری نەوتی جیهانیدا دروست دەکات، هەروەك نزیکەی لەسەدا ٣٣ بازرگانی نەوتی خاوی جیهان لە ڕێگەی ئەم ڕێرەوە ئاوییەوە ئەنجامدەدرێت (Marex ٢٠١٧). سەرەرای داخستنی گەرووی هورمز، ئێران پەنا دەباتە بەر هێرشکردنە سەر هێزە دەریایەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و کەنداوی فارس لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەلەمی تیژڕەویی سەربازی بچوك و چاندنی مینی دەریایی و بۆسەی سەربازی لە ناو ئاودا، چونکە ئێران تێگەیشتووە لەوەی کە هێزی دەریایی ئەمریکا زۆر بەهێزە ناتوانێت ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بوەستێتەوە و ناچار دەبێت پەنا بەرێتە بەر مناوەرەی سەربازی دەریایی و تاکتیکی هێرشکردنی لە ناکاو.

**سیناریۆی دووەم: گفتوگۆ و دانوستان:**

پەیوەندییەکانی ئێران لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دوای شۆرشی ئیسلامی زیاتر خۆی لە ململانێ و ناکۆکیدا بینیووەتەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە گفتوگۆ و دانوستان لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا نەبووە، هەروەك لە ساڵی ٢٠١٥ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوشانی ئەندامانی تری ئەنجومەنی ئاسایش لەگەڵ ئەڵمانیا گەیشتن بە ڕێکەوتن لەسەر پرسی پرۆگرامی ناوەکی ئێران و ڕێکەوتنامەیەکیان واژۆکرد. لەکاتێکدا پرسی پرۆگرامی ناوەکی بۆ ماوەی دەیە و نیوێك جێگەی ناکۆکی بوو دواجار گەیشتن بە ڕێکەوتن. لەبەرئەوە دەکرێت هیوایەك هەبێت بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکانی نێوانیان. هێشتا هیوا ماوە بۆ ئەوەی ئالۆزییەکانی نێوان ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی گفتوگۆو دانوستانەوە چارەسەر بکرێت، چەند ئاماژەیەك هەیە دەکرێت بکرێتە بنەما بۆ سەرکەوتنی ئەم سیناریۆیە بەڵام زۆریش بەهێز نین لە ئێستادا. بۆنمونە ئێران بەشێوەیەکی بەشی لە ڕێکەوتنامەکە کشاوەتەوە و ماوەی ٦٠ ڕۆژی داوە بە وڵاتانی ئەوروپا بۆ ئەوەی ڕێکەوتنامەکە ڕزگاربکەن، لەبەرئەوە دەکرێت وڵاتانی ئەوروپا و هەریەکە لە چین و ڕووسیا هەندێك پێشنیار و هاندەری ئابوری بخەنە بەردەم تاران بۆئەوەی ئێران لە ڕێکەوتنامەکە بمێنێتەوە، یاخود قەناعەت بەو وڵاتە بکەن بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەرمێزی گفتوگۆ بە بەشداری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ هێورکردنەوەی ناکۆکیەکانیان (Goldenberg and Rosenberg ٢٠١٩). ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست ووتەی چەند بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی، کە بەمەرجی نەناسراوی قسەیان کردووە، کردۆتە بنچینەی ڕاپۆرتێك کە باس لەوە دەکات دۆناڵد ترەمپ لە هەندێك لە ڕاوێژکارە پلە باڵاکانی بێزار و نیگەرانە، کە ئەو پێی وایە ئەمانە هۆکار دەبن بۆئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بخزێننە

جەنگەوە لەگەڵ ئێران. لەکاتێکدا دۆناڵد ترەمپ چارەسەری دیبلۆماسی پێ باشترە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران. جۆن بۆڵتن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکێکە لە دووژمنە سەرسەختەکانی ئێران و بەردەوام پێشنیاری گۆڕانی ڕژێمی ئێرانی کردووە بۆ بەرپرسانی کۆشکی سپی، بەڵام بەپێی بەرپرسێکی کۆشکی سپی " دۆناڵد ترەمپ خۆشحاڵ نیە بە گفتوگۆی گۆڕینی ڕژێم لە ئێران"، هەروەها ئەو دەڵێت ترەمپ خواست و مەیلی بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە دژی ئێران نیە، مەگەر دەستپێشخەری لە لایەن ئێرانەوە بکرێت بۆ جەنگ (Hudson and others 2019). ترەمپ چەندین جار بە ئاشکرا ووتویەتی ئێمە نامانەوێت ڕژێمی ئێران بگۆڕین بەڵکو دەمانەوێت ڕەفتارەکانی ئێران لە ناوچەکە بگۆڕین. لەبەرامبەردا حەسەن ڕووحانی دەڵێت ئێران دەکرێت گفتوگۆ بکات لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڵام بەمەرجێك ئەوان سزاکانی سەر ئێران لابەرن (Rezeg). کەواتە لە لایەن هەردوو وڵاتەکەوە مەیل بۆ دانوستان و گفتۆ هەیە بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئەتۆمی ئێران و ئاڵۆزییەکانی ئەم دواياییەی نێوانیان.

سەرەڕای بوونی پێشبینی بۆ گرتنەبەری ڕێگای دیبلۆماسی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە، چەندین کۆسپ و ڕێگر لە نێوانیان هەیە کە ئەگەری دانوستان و گفتوگۆ لە ئێستادا زۆر کەم دەکاتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران هەریەکەیان مەرجی قورسیان بۆ دەستکردنەوە بە گفتوگۆ و دانوستان هەیە. ئێران لە ناوخۆدا لە بارەی دانوستانەوە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە بە دووبەشەوە، هەندێکیان هەموو دانوستانێك لەگەڵ ئەو وڵاتە ڕەتدەکەنەوە کە ئەوانیش سەر بە بەرەی ئوصولیەکانن بەسەرکردایەتی عەلی خامنەئی ڕێبەری باڵای ئێران کە بڕیاری کۆتایی بەدەستە لە هەموو پرسە گرنگەکان. خامنەئی لە تازەترین لێدوانیدا لە ٢٩ ئایاری ٢٠١٩، دەڵێت ئێران گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناکات، ئێمە پێشتر ووتومانە گفتوگۆ لە گەڵ ئەمریکا سوودی نیە و زیانی هەیە (Sharafedin ٢٠١٩). هەندێکی تریان بەتایبەتی میانڕەو و ڕیفۆرمخوازەکان پشتگیری دانوستان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن، بەڵام تەنانەت ئەمانیش پێیان وایە کە پێویستە سەرەتا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو سزاکانی سەر ئێران لابەرێت. لە نێو کۆشکی سپیش دابەشبوون هەیە لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لە گەڵ ئێران، بەشێوەیەك لە نێو ئیدارەکەی ترەمپیش چەندین بەرپرس هەیە دژی سیاسەتەکانی ترەمپن لە دژی ئێران. جگە لەمانە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین ڕێوشوێنی توندی دژی ئێران گرتۆتە بەر کە ئێرانی خستۆتە بارۆدخێکی سەختەوە، واشنتۆن بەکشانەوە لە ڕێکەوتنامە ناوکیەکە و سەپاندنەوەی سزاکانی سەر ئێران دەستپێکرد و دواتر سوپای پاسدارانی خستە لیستی تیرۆری ڕێکخراوە بیانیەکانەوە و جمجۆڵی سەربازی لە ئاوەکانی نزیك ئێران دەسپێکردووە. ڕەنگە ئەمانە وابکات کە تاران ئامادەی گفتوگۆ نەبێت تاوەکو واشنتۆن بە سیاسەتی دووژمنکاریی لە دژی ئێران نەچێتەوە. هەروەها مایك بۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٢ مەرجی قورسی بۆ ئێران داناوە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن، ئێرانیەکان پێیان وایە داواکارییەکانی بۆمپیۆ جێگەی قبوڵ نیە و تاران بەهیچ شێوەیەك ملکەچی ئەو مەرجانە نابێت. لەڕاستیدا مەرجەکان ئەوەندە قورسن ئەگەر ئێران جێبەجێ بکات ئەوا

بەواتای تەسلیمبوونی تەواوی ئێران دێت. لە مەرجەکاندا هاتووە کە پێویستە ئێران واز لە پرۆگرامی مووشەکی بالیستی و ناوەکی بهێنێت و هەموو پشتگیریەکانی ئێران بۆ گروپە پرۆکسیەکانی لە سوریا و یەمەن و عێراق بوەستێنێت و هەموو هاوڵاتیە دەستگیرکراوەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئازاد بکات، ئەمانە و چەندین مەرجی قورسی تر(Aljazeera 2019). لەبەرئەوە ئێرانیەکان بەهیچ شێوەیەك بەم مەرجانە ڕازی نابن بەلایەنی کەمەوە لە ماوەیەکی کەم مەودادا. لەکۆتایدا نەبوونی کەناڵی ڕاستەوخۆی دیبلۆماسی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران وایکردووە ئەو دوو وڵاتە دەزگای ڕاگەیاندن یان وڵاتی سێیەم بکەن بە سەرچاوە بۆ گەیاندنی پەیامە ئاشتیخوازەکانیان، ئەمەش وادەکات هەندێك جار هەڵەخوێندنەوە و لێك تێنەگەیشن لە نێوانیان ڕووبدات. هەموو ئەم فاکتەرانە وادەکەن ئێران و ئەمریکا نەتوانن بە ئاسانی لە ماوەیەکی نزیکدا بۆ هێورکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی نێوانیان بچنە گفتوگۆ و دانوستانەوە.

**سیناریۆی سێیەم: مانەوەی بارۆدۆخەکە وەك خۆی:**

مەبەست لە مانەوەی بارودۆخەکە وەك خۆی ئەوەیە کە ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نە دەچنە جەنگێکی ڕاستەوخۆوە و نە دەچنە گفتوگۆوە، بەڵکو جەنگی ووشەیی و یەکترتۆمەتبارکردن لە نێوانیان بەردەوام دەبێت و ڕەنگە لێرە و لەوێ پێکدادانی سەربازی سنوردار بە تایبەتی لە ئاوەکانی کەنداوی فارس یان لەو وڵاتانەی کە ئێران هەژموونی هەیە تیایدا ڕووبدات. هۆکاری ئەم پێشبینیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەیی کە نە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نە ئێران نایانەوێت جەنگ ڕووبدات، چونکە ئەوان درکیان بە دەرەنجامە خراپەکانی جەنگێکی لەو شێوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردوە و ئەگەر لە ڕێگەی دیبلۆماسیەوە چارەسەری ناکۆکیەکان نەکەن ئەوا بەلایەنی کەمەوە نایانەوێت بە پێکدادانی سەربازی بگات. لەم سیناریۆیەدا، لە لایەکەوە، ئێران ڕەنگە بۆ ماوەیەکی مەودا درێژ بەرگەی فشارەکانی ئەمریکا بگرێت و ڕووبەڕووی هەموو هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران ببێتەوە کە ڕەنگە ماوەکە یەك بۆ دووساڵێك بخایەنێت، بەواتایەکی تر لەو ماوەیەدا ئێران تەنها ئیدارەی بارودۆخە دەدات و نایەوێت جوڵەیەك یان ڕەفتارێك بنوێنێت کە ببێتە پاساو بەدەست ئەمریکاوە بۆ هێرشکردنە سەر ئێران. لە لایەکی ترەوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام دەبێت لەسەر فشار و سزاکانی بۆ سەر ئێران بۆ ئەوەی لە کۆتایدا ئێران ملکەچ بکات، ئەمەش پەیوەستە بەوەی ئێران تاچەند خۆڕاگرە و لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا بەردەوام دەبێت. بەڵام ساڵی داهاتوو ڕەنگە تەواوی پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گۆڕانی بەسەدار بێت کاتێك دۆناڵد ترەمپ نەتوانێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بۆ خولی دووەم لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠ سەرکەوتوو بێت. واتا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ٢٠٢٠ دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانیان ئەگەر هاتوو کەسێکی دیموکراتیەکان هەڵبژاردنەکە بەرێتەوە هەروەك ئۆباما سەرۆکی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە گەیشت بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران و هەموو سیاسەتەکانی جۆرج دەبلیو بۆش سەرۆکی پێشووتری ئەمریکای لە گەڵ ئێران پێچەوانە کردەوە.

## دەرئەنجام

کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران و پابەند نەبوونی تاران بە بەشێك لە ڕێکەوتنامەکەوە، چارەنوسی ڕێکەوتنەکەی خستۆتە دوو ڕیانێکەوە کە ڕەنگە لە داهاتوودا بەرەو هەڵوەشانەوەی تەواوەتی بچێت. پێناچێت هەوڵەکانی ئەوروپا بۆ ڕزگارکردنی ڕێکەوتنامەکە ناوەکیەکە دەرەنجامێکی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە کە ئێران ڕازی بکات بە مانەوە لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەکە. بە تێروانین لە فاکتەرە کاریگەرەکان، وا دەردەکەوێت کە هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ئێران نزیکترین سیناریۆ بێت لە ئێسادا بەهۆی ئەو مەرجە قورسانەی ئێران بۆ وڵاتانی ئەوروپا پێشنیاری کردووە. لە هەمان کاتدا هەنگاوە کردارییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەپاندنی سزا بە سەر ئێران و دانانی سوپای پاسداران لە لیستی تیرۆری ڕێکخراوە بیانیەکان و جوڵەپێکردنی هێز لە دژی ئێران، ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێرانی بەنادیاری هێشتۆتەوە و ڕەنگە سەر بکێشێت بۆ جەنگێکی وێرانکەر لە ناوچەکە ئەگەر بە دروستی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت. سەرەڕای بوونی هەوڵەکان بۆ لێکنزیکردنەوەی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نێوەندگیری چەند وڵاتێك، بەڵام پێناچێت دەرەنجامێکی ئەوتۆی هەبێت بەلایەنی کەمەوە لە ماوەیەکی نزیکدا. لە کۆتاییدا هەڵوەشانەوەی تەواوی ڕێکەوتنامەکە کاریگەری و لێکەوتەی لەسەر جیهان و ناوچەکە دەبێت، ڕەنگە دیارترینیان دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆگرامی ئەتۆمی بێت لە لایەن ئێرانەوە، و زیادکردنی چالاکیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەکارهێنانی گروپە وەکیلەکانی بۆ تۆڵەسەندنەوە و زیانگەیاندن بە بەرژەوەندیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە.

# لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: کتێبی ئینگلیزی:

1. Aldasam, Dabbous. 2013. *Relations Between the US and Iran*. Army War College Carlisle Barracks Pa.
2. Bowden, Mark. 2007. *Guests of the Ayatollah: The Iran Hostage Crisis: The First Battle in America's War with Militant Islam*. Grove/Atlantic, Inc.
3. Gaietta, Michele. 2015. *In The Trajectory of Iran's Nuclear Program*. Palgrave Macmillan, New York.

دووەم: جۆرناڵی ئینگلیزی:

1. Davenport, Kelsey. 2018. "Trump's threat to violate the Iran Nuclear Deal and how to respond." *The Arms Control Association*, 10: 5, 1-5.
2. Landau, Emily., and Ephraim Asculai. 2005. "Iran's nuclear program and negotiations with the EU-3." *Strategic Assessment 8*, no. 3.
3. Mazzucelli, Colette. 2007. "EU3-Iranian Nuclear Diplomacy: Implications for US Policy in the Middle East.", *EUMA Papers*, 4:6, March 2007.
4. Seyed, Mousavian and Mohammad, Mousavian. 2018. "Building on the Iran Nuclear Deal for International Peace and Security.", *Journal for Peace and Nuclear Disarmament*, 1:1, 169-192.
5. Cha, Victor and David, Kang. 2003. "The Korea Crisis." *Foreign Policy*, 136, 20-28.

سێیەم: ڕاپۆرتی ئینگلیزی:

1. Katzman, Kenneth , Paul, Kerr and Heitshusen Valerie (2016)." U.S. Decision to Cease Implementing the Iran Nuclear Agreement." *Washington, DC: Congressional Research Service.*
2. Katzman, Kenneth, and Paul, Kerr. 2015."Iran nuclear agreement." *Washington, DC: Congressional Research Service.*
3. International Atomic Energey Agency (IAEA).2003. Implementation of the NPT Safeguards Agreement in the Islamic Republic of Iran, *Report by the Director General*, June 6, 2003, Available at: https://www.iaea.org/sites/default/files/gov2003-40.pdf
4. The White House. 2018. "Statement by the President on the Iran Nuclear Deal."

*The White House*, January 12, 2018. Available At: https://www.whitehouse.gov/briefings-statements/statement-president-iran-nuclear-deal/

5. U.S Department of State, 2019, Foreign Terrorist Organizations, Available At: https://www.state.gov/j/ct/rls/other/des/123085.htm
6. Address by Mr. Dwight D. Eisenhower, "President of the United States of America, to the 470th Plenary Meeting of the United Nations General Assembly. ", *International Atomic Energy Agency*, 8 December, 1953. Available at: https://www.eisenhower.archives.gov/all_about_ike/speeches/atoms_forpeace.pdf

چوارەم: وێبسایتی ئەلیکترۆنی:

1. ABC, 2018, Donald Trump could be ready to order a strike against Iran, Australian Government figures say, *ABC News*, Available At: http://www.abc.net.au/news/2018-07-27/donald-trump-may-be-prepared-to-strike-iran-sources-say/10037728
2. Adam B. Lowther, 2012, Five Reasons Not to Attack Iran, *The Diplomat*, Available At: https://thediplomat.com/2012/01/five-reasons-not-to-attack-iran/
3. Al Jazeera. 2017. "Iran tests new ballistic missile: state media." *Al Jazeera*, September 17, 2017. Available at: http://www.aljazeera.com/news/2017/09/iran-tests-ballistic-missile-state-media-170923061653678.html
4. Al Jazera. 2018. "US pullout from Iran deal: Who will pay the economic price?", *Al Jazera*, May 12, 2018. Available At: https://www.aljazeera.com/programmes/countingthecost/2018/05/pullout-iran-deal-pay-economic-price-180512092104780.html
5. Aljazeera, 2018, Mike Pompeo speech: What are the 12 demands given to Iran?, Available At: https://www.aljazeera.com/news/2018/05/mike-pompeo-speech-12-demands-iran-180521151737787.html
6. Amanda Briney, 2017, Strait of Hormuz: The Strait of Hormuz is a Chokepoint Between Persian Gulf and The Arabian Sea, *ThoughtCo*. Available At: https://www.thoughtco.com/strait-of-hormuz-1435398
7. BBC News. 2018. "Iran nuclear deal: France's Emmanuel Macron pushes for talks.", *BBC*, April 29, 2018. Available At: http://www.bbc.com/news/world-middle-east-43942744

8. Dehghan, Kamali. 2018. "If Trump destroys the nuclear deal, Iran will fall to its hardliners." *The Guardain*, May 3 2018. Available At: https://www.theguardian.com/commentisfree/2018/may/03/trump-nuclear-deal-iran-reform-netanyahu-tehran
9. Deutsche, Welle. 2018. "Angela Merkel and Donald Trump stress unity amid differences.", *DW*, April 27 2018. Available At: http://www.dw.com/en/angela-merkel-and-donald-trump-stress-unity-amid-differences/a-43566324
10. Donald J. Trump, 2019, Trump's official twit, Available At: https://twitter.com/realDonaldTrump/status/1130207891049332737
11. Dreyfuss, Bob. 2018. "What's Lurking Inside Trump's War Cabinet?", *RollingStone*. April 27, 2018. Available At: https://www.rollingstone.com/politics/features/trump-iran-deal-w519530
12. Gladstone Rick. 2018. "What Is the Iran Nuclear Deal? And Why Does Trump Hate It?", *The New York Times*, October 5, 2018. Available At: https://www.nytimes.com/2017/10/05/world/middleeast/iran-nuclear-deal.html
13. Goldenberg I And Rosenberg E, 2019, There Is Still Time for Diplomacy With Iran, *Foreign Policy*, Available At: https://foreignpolicy.com/2019/05/10/there-is-still-time-for-diplomacy-with-iran-united-states-trump/
14. Gordon Lubold and Michael R. Gordon, 2019, U.S. Deployment Triggered by Intelligence Warning of Iranian Attack Plans, *The Wall Street Journal*, Available At: https://www.wsj.com/articles/u-s-deployment-triggered-by-intelligence-warning-of-iranian-attack-plans-11557180106
15. Griffiths J, Berlinger J and McKenzie S, 2019 , 'Iranian leader announces partial withdrawal from nuclear deal', *BBC*, Available At: https://edition.cnn.com/2019/05/08/middleeast/iran-nuclear-deal-intl/index.html
16. Hudson J, Harris S, Dawsey J and Gearan, 2019, Trump, frustrated by advisers, is not convinced the time is right to attack Iran, *The Washington Post*, Available at: https://www.washingtonpost.com/world/national-security/trump-frustrated-by-advisers-is-not-convinced-the-time-is-right-to-attack-iran/2019/05/15/bbf5835e-1fbf-4035-a744-12799213e824_story.html?utm_term=.72eafd547946
17. Hughes C, 2019, Iran promises 'crushing response' after Trump's tweet threat,

*UPI*, Available At: https://www.upi.com/Top_News/US/2019/05/28/Texas-secretary-of-state-resigns-amid-voter-purge-controversy/9761559059388/

18. Joseph Trevithick, 2019, U.S. Military Is Sending Fighter Jets, Recon Aircraft, Engineers, and More To The Middle East, *The Drive*, Available At: https://www.thedrive.com/the-war-zone/28204/u-s-military-is-sending-fighter-jets-recon-aircraft-engineers-and-more-to-the-middle-east
19. Liptak, Kevin, 2018, Trump blasts Iran deal as 'insane' and 'ridiculous' as Macron looks on, *CNN Politics*, April 24 2018. Available At: https://edition.cnn.com/2018/04/24/politics/trump-macron-state-dinner/index.html
20. Lo, Kinling. 2018. "China backs Iran nuclear deal as United States walks away, but could it be a costly decision?", *South China Morning Post*; *Defence & Diplomacy*, May 10, 2018. Available At: http://www.scmp.com/news/china/diplomacy-defence/article/2145406/china-backs-iran-nuclear-deal-united-states-walks-away
21. Long, A. and Luers, W., 2012. Weighing Benefits and Costs of Military Action Against Iran. *Iran Project*. Available At: https://www.wilsoncenter.org/sites/default/files/IranReport_091112_FINAL.pdf
22. Macias A, 2019, Pentagon will send 1,500 troops, along with drones and fighter jets to the Middle East to counter Iran threat, *CNBC*, Available At: https://www.cnbc.com/2019/05/24/pentagon-to-send-1500-troops-to-the-middle-east-to-counter-iran-threat.html
23. Marex, 2017, Hormuz and Malacca Remain Top Oil Chokepoints, *The Maritime Executive*, Available At: https://www.maritime-executive.com/article/hormuz-and-malacca-remain-top-oil-chokepoints#gs.7sqJGkU
24. Michael V. Rienzi, 2012, Iran's Response to a U.S. Attack, *Small War Journal*, Available At: http://smallwarsjournal.com/jrnl/art/irans-response-to-a-us-attack
25. Mike Pearl, 2018, What Would Happen in the Hours and Minutes After the US Bombed Iran?, Vice, Available At: https://www.vice.com/en_us/article/xw84yw/what-would-happen-in-the-hours-and-minutes-after-the-us-bombed-iran
26. Nelson, Sarhaddi. 2018. "Merkel And Trump Meeting Includes Some Strange Moments, But No Tangible Results.", *NPR*, April 28, 2018. Available At:

https://www.npr.org/sections/parallels/2018/04/28/606369041/merkel-and-trump-meeting-includes-some-strange-moments-but-no-tangible-results

27. Norris, Connor. 2008. "Mujahideen-e-Khalq (MEK).", *University of Military Intelligence*, *Fort Huachuca*, July 27 2008 , Available At: http://www.dtic.mil/dtic/tr/fulltext/u2/a495015.pdf .
28. Nuclear Threat Initiative. 2018. " Iran", *James Martin Center for Nonproliferation Studies*, May, 2018. Available At: http://www.nti.org/learn/countries/iran/nuclear/
29. O'toole, Brian. 2018. "The Iran Deal: Withdrawal Symptoms.", *Atlantic Council*. May 9, 2018. Available At: http://www.atlanticcouncil.org/blogs/new-atlanticist/the-iran-deal-withdrawal-symptoms
30. Presidential Election. 2016. "2016 presidential candidates on the Iran Nuclear deal." *Ballotpedia*, November 8, 2016, available at: https://ballotpedia.org/2016_presidential_candidates_on_the_Iran_nuclear_deal
31. Press TV. 2018. "Iran says 'not optimistic' about Kim-Trump summit, urges North Korea to be vigilant.", *Press TV*, June 11, 2018. Available At: http://www.presstv.com/Detail/2018/06/11/564628/Iran-North-Korea-United-States-Trump-Kim-Israel-Netanyahu-Europe-nuclear
32. Regencia, Ted. 2018, Iran warns nuclear deal in 'ICU'; exit likely in 'coming weeks'., *Al-Jazira*, June 22, 2018. Available At: https://www.aljazeera.com/news/2018/06/iran-warns-nuclear-deal-icu-exit-coming-weeks-180622105551818.html
33. Reuters Staff .2017. Iran tests new missile after U.S. criticizes arms program, *Reuters*, 23 September, 2017. Available At: http://www.reuters.com/article/us-iran-military-missiles/iran-tests-new-missile-after-u-s-criticizes-arms-program-idUSKCN1BY07B
34. Reuters Staff, 2018, Iran's Rouhani warns Trump about 'mother of all wars, Reuters, Available at: https://www.reuters.com/article/us-iran-nuclear-usa-rouhani/irans-rouhani-warns-trump-about-mother-of-all-wars-idUSKBN1KC07Z
35. Reuters Staff. 2018. "Britain, France and Germany agree on support for Iran nuclear deal.", *Reuters*, 29 April 2018. Available At: https://www.reuters.com/article/us-iran-nuclear-britain/britain-france-and-

germany-agree-on-support-for-iran-nuclear-deal-idUSKBN1I00GE

36. Rezeg A, 2019, Iran could talk with US if sanctions lifted: Rouhani, *Anadolu Agency*, Available At: https://www.aa.com.tr/en/middle-east/iran-could-talk-with-us-if-sanctions-lifted-rouhani/1492116
37. Robert Burns and Catherine Lucey, 2019, U.S. Deployments Followed 'Clear Indications' Iran Was Preparing to Attack, Official Says, *Time*, Available At: http://time.com/5583717/us-forces-deployed-iran-attack/
38. Rocha, Veronica and Wagner, Meg.2018. "President Trump hosts France's President Macron.", *CNN Politics*, 27 April 2018. Available At: https://edition.cnn.com/politics/live-news/trump-macron-state-visit/
39. Rogin Josh. 2018. "What happens the day after Trump pulls out of the Iran deal.", *The Washington Post*, March 20, 2018. Available At: https://www.washingtonpost.com/news/josh-rogin/wp/2018/03/20/what-happens-the-day-after-trump-pulls-out-of-the-iran-deal/?utm_term=.f9781bc121a7
40. Sharafedin B, 2019, No negotiations with U.S., says Iran's Supreme Leader, Reuters, Available at: https://www.reuters.com/article/us-usa-iran-rouhani/no-negotiations-with-us-says-irans-supreme-leader-idUSKCN1SZ12M
41. Tabatabai, Ariane. 2018. "How Iran Will Determine the Nuclear Deal's Fate.", *Foreign Affairs*, May 16, 2018. Available At: https://www.foreignaffairs.com/articles/iran/2018-05-16/how-iran-will-determine-nuclear-deals-fate
42. Tehran Times. 2018. "Europe's proposals not enough to save nuclear deal Tehran says." *Tehran Times Iran's leading International Daily*. June 21, 2018. available At: http://www.tehrantimes.com/news/424594/Europe-s-proposals-not-enough-to-save-nuclear-deal-Tehran-says
43. Tertais Bruno. 2018. "Trump's Trap: Europe, Iran, and the Future of the Nuclear Deal." *Al Jazeera Center for Studies*. June 27, 2018, Available At: http://studies.aljazeera.net/en/reports/2018/06/trumps-trap-europe-iran-future-nuclear-deal-180627072052627.html
44. The New York Times, 2018, Trump Threatens Iran on Twitter, Warning Rouhani of Dire 'Consequences', Available At: https://www.nytimes.com/2018/07/22/world/middleeast/trump-threatens-iran-

twitter.html

45. The New York Times. 2016. "Transcript of the First Debate, The New York Times.", *The New York Times*. September 27, 2016. Available at: http://www.nytimes.com/2016/09/27/us/politics/transcript-debate.html
46. The New York Times. 2018a. "Read the Full Transcript of Trump's Speech on the Iran Nuclear Deal." *The New York Times*, May 8, 2018. Available At: https://www.nytimes.com/2018/05/08/us/politics/trump-speech-iran-deal.html
47. The Straits Times, 2018, Aussie PM dismisses report on US strike against Iran, Available At: https://www.straitstimes.com/asia/australianz/aussie-pm-dismisses-report-on-us-strike-against-iran
48. The Straits Times. 2018. Putin, Macron urge world to back Iran deal as Trump decides, *The Straits Times*, April 30, 2018, Available At: https://www.straitstimes.com/world/putin-macron-urge-world-to-back-iran-deal-as-trump-decides
49. Tima Agency, 2018, Iran cleric says Israel and US will be targeted if Washington attacks, *YeniSafak*, Available At: https://www.yenisafak.com/en/world/senior-cleric-says-iran-will-target-us-allies-if-us-attacks-3439244
50. Timmons, Heather. 2018. "Careful, Macron: Trump still has plenty of reasons to ditch the Iran nuclear deal.", *Quartz*, April 24, 2018. Available At: https://qz.com/1259911/trump-macron-and-the-iran-nuclear-deal-the-pros-and-cons-for-the-us/
51. Wilkinson, Tracy and Bierman, Noah. 2018. "Merkel follows Macron to Washington in hopes of holding Trump to Iran nuclear deal." *Los Angeles Times*, 27 April 2018. Available At: http://www.latimes.com/politics/la-na-pol-trump-merkel-20180427-story.html
52. Xinhua. 2018. "China calls for preservation of Iran nuclear deal.", *The News International*, April 28, 2018. Available At: https://www.thenews.com.pk/print/310197-china-calls-for-preservation-of-iran-nuclear-deal
53. Yadlin, Amos and Heistein, Ari. 2018. The Four Scenarios Facing Israel as the U.S. Withdraws From the Iran Deal. *The Atlantic*, June 10, 2018. Available at: https://www.theatlantic.com/international/archive/2018/06/the-four-scenarios-facing-israel-as-the-us-withdraws-from-the-iran-deal/562457/